

# کورتەیەک دەربارەی زبڵی ڕۆشنبیران

بێرتراند ڕەسڵ

وەرگێڕان: لائق حەمە

# کورتەی وەرگێڕان

ئەم وتارەی بێرتراند ڕەسڵ بەشێکە لە کۆکراوەی وتارەکانی بەناونیشانی "وتارە بێناوبانگەکان" و سەرچاوەی دەقەکەم لەم بەستەرەی زانکۆی کێنت ستەیت وەرگرتوە. ناونیشانی بابەتەکەش وەرگێڕانی ئاسان نەبوو هەرچۆن بۆچونە وردەکانی ناوی ئاسان نین وەرگێڕانیان. هۆکارێکی دیکەش ئەوەیە کە لە بۆچونەکاندا، چونکە ڕەخنە لە پیاوانی "ڕۆشنبیر" ئەگرێ، هەم وردەکاری کەم ئەدات و وەک ئەوەی خوێنەر تەواوی بابەتەکە ئاگادار بێت بە کورتی و بە توانجیشەوە ئاماژەیان پێ ئەکات. بۆیە ناچار بوم چەن پەراوێزێک زیاد بکەم، خوێنەر ئەتوانێت زیاتر لەسەر کەس، ڕووداو یان جێگا ئاماژەپێکراوەکان بخوێنێتەوە.

٢٧ی ١٢ی ٢٠٢٠

مرۆڤ ئاژەڵێکی ئەقڵانیه - لانی کەم ئاوایان پێ وتووم. بەدرێژایی ژیانێکی درێژ، وریایانە گەڕام بەدوای بەڵگەدا بۆ پشتیوانی لەم ڕستەیە، بەڵام تا ئێستا بەختم نەبوە ڕێم لێی کەوێت، هەرچەنە لە زۆر وڵات گەڕاوم کە دابەش بوون بەسەر سێ کیشوەردا. بە پێچەوانەوە، بینیم کە چۆن دنیا بەردەوام بەرەوە شێتێی ئەڕوات. نەتەوەی گەورەم بینی، پێشتر پێشەوای شارستانیەت بوون، ڕێیان لێ شێوێنرا لەلایەن وتارخوێنانی لافوگەزافی پووچەوە. بینیم کە چۆن دڕندایەتی، چەوساندنەوە و خورافیات بە باز و هەنگاوی گەورە زیادی کرد، تا وای لێهاتوە کە گەشتووینەتە خاڵێک کە تیایدا هەڵدان بە شان و باڵی ژیریدا ئەتکات بە پیاوێک کە وا تەماشابکرێ کۆنە ئەقڵێکی پەشیمان بێ لەوەی لە سەردەمانێکی کۆندا نەمردبێ. ئەمە هەمووی خەفەتاویە، بەڵام خەفەت هەستێکی بێسوودە. بۆ ئەوەی ڕاکەین لێی، وام لێهات لە ڕابردوو ورد ببمەوە وریایانەتر لەوەی پێشتر خەریک بووم، بینیم هەروەک چۆن ئێراسمسیش بینی، هەڵە هەمیشەییە و کەچی مرۆڤیش هەر ماوە. هەڵەکانی سەردەمی خۆمان ئاسانتر دیارن کاتێ تەماشایان بکەی بەپاشخانی هەڵەی ئەوانی پێش ئێمە. لەم نووسینەدا گێلێتی ڕۆژانی سەردەم لەگەڵ سەدەکانی ڕابردوو تێکەڵ ئەکەم. لەوانەیە ئەنجامەکەی یارمەتیمان بدات ئاسۆی سەردەمی خۆمان ببینین، وە بشزانین کە خراپتر نین لە چاخەکانی پێشووی باپیرانمان تیای ژیان و بێ فەلاکەتی کۆتاییهێنەریش.

ئەرستۆ، ئەوەندەی من بزانم، یەکەم کەس بوە کە بانگەشەی ئەوە بکا مرۆڤ ئاژەڵێکی ژیرە. هۆکارەکەی بۆ ئەم بۆچوونەی لەمڕۆدا زۆر سەرنج ڕاکێش نیە، ئەڵێ، هەندێ کەس ئەتوانن کرداری کۆکردنەوە بکەن. ئەو وای زانیوە سێ جۆر ڕۆح هەیە: ڕۆحی سەوزە، کە هەموو زیندەوەران هەیانە، چ مرۆڤ چ ڕوەک، کە پەیوەستە بە خواردن و گەشە؛ ڕۆحی ئاژەڵ، کە پەیوەستە بە جووڵەوە، لەلایەن مرۆڤ و ئاژەڵانی ئاستنزمترەوە ترەوە هاوبەشە؛ و دواهەمیش ڕۆحی ژیرانە یان ئەقڵ، کە زەینی خواییە، بەڵام تیایدا مرۆڤ بەشداریەکی تا ڕادەیەک کەمتر یان زۆرتر ئەکەن بەراورد بە حیکمەتیان. لەبەر بەهای ژیریە ئەوترێ کە مرۆڤ ئاژەڵێکی ئەقڵانیە. ژیریەکەی بە چەن ڕێگایەک نیشان ئەدرێ، بەڵام زۆر بە تۆخی بەوە دیاری ئەکرێ کە توانای کردارە بیرکاریەکانی هەیە. سیستمی ژمارەی یۆنانی کۆن زۆر خراپ بوو، بۆیە خشتەی لێکدان یەکجار قورس بوو، و ژمارەکردنی ئاڵۆزیش تەنها لەلایەن خەڵکی زیرەکەوە ئەکرا. ئەمڕۆ، هەرچەن مەکینە توانای ئەنجامدانی ژمارەکردنی هەیە لە زیرەکترین مرۆڤ، کەس بانگەشەی ئەوە ناکا کە ئەم ئامێرانە نەمر بن یان بە ئیلهامی خوایی ئیش بکەن. چوونکە کرداری بیرکاری ئاسانتر بوە، کەمتریش ڕێزی هەیە. ئەنجامەکە ئەوەیە کەوا، هەرچەن فەلاسیفە بەردەوامن لەوەی پێمان بڵێن چ کەسانێکی چاکین ئێمە، چیتر ناتوانن بڵێن لەبەرئەوەی ئەتوانین کرداری بیرکاری ئەنجام بدەین بۆیە ئاوا پیاماندا هەڵئەدرێ.

دەی مادەم مۆدەی سەردەم نیە چیتر ڕێگا بەخۆمان بدەین کە بڵێین ئەها ئەو کوڕانە چەن جوان ژمارەی بیرکاری ئەکەن کەواتە بەڵگەن بۆ ئاقڵیی مرۆڤ و ڕۆح لانی کەم نەمرە، کەوابێ با شوێنی تر بگەڕێین. یەکەمجار سەیری کوێ بکەین؟ تەماشای دەوڵەتمەدارە دیارەکان بکەین، کە بە سەرکەوتوویی توانیویانە جیهان بگەیەننە ئەم دۆخەی؟ یان تەماشای پیاوانی نووسەر بکەین؟ یان فەلاسیفە؟ هەموو ئەمانە ئیدیعای خۆیان هەیە، بەڵام وابزانم باشترە لەوانەوە دەست پێ بکەین کە خەڵکانی باش دانیان پیا ئەنێن کە ژیرترین و باشترین مرۆڤن، کەسانی دیندار. ئەگەر ئەوان سەکەوتوو نەبن لەوەی ئەقڵانی بن، چ هیوایەک ئەمێنێ بۆ ئێمەی داماو و فانی؟ بەداخەوە - هەرچەن بەوپەڕی ڕێزەوە ئەمە ئەڵێم - هەندێ کات هەبوە کە حیکمەتی ئەوان زۆر دەرنەکەوتووە، و شتێکی سەیریشە بڵێم، ئەمە لە کاتێکیشدا بوە کە دەسەڵاتی پیاوانی ئاینی گەورەترین بوە.

چاخەکانی باوەڕکردن، کە کەسانی شێوە-خوێندەوار پیایدا هەڵئەدەن، سەردەمانێک بوە کەوا پیاوانی ئاین هەموو شتێکیان لەژێردەستدا بوە. ژیانی ڕۆژانە پڕ بوە لە موعجیزە کە کرابوون بەباو لەلایەن سەیدەکان، و جادووگەری کە لەلایەن جادووگەر و شەیتانەکانەوە ئەنجام ئەدرا. هەزاران جادووگەر سووتێنران لەسەر ئەمە. گوناهەکانی مرۆڤ بە قاتوقڕی و تاعون سزا ئەدرا، بە بوومەلەرزە، لافاو و ئاگر. کەچی سەیرە بڵێم، هێشتا گوناهبارتر بوون لە ئەمڕۆژانە. زانستێکی کەم ئەزانرا دەربارەی جیهان. چەند پیاوێکی شارەزا سەلماندنە یۆنانیەکان دەربارەی خڕڕێتی زەوی بیر مابوو، بەڵام زۆربەی خەڵک گاڵتەیان ئەکرد بە فیکرەی دووجەمسەربونی زەوی. کوفر بوو بڵێی لە دوو جەمسەری بەرامبەر یەک مرۆڤ ئەژی. بەگشتی وا دائەنرا (هەرچەن کاتۆلیکە مۆدێرنەکان ئێستا نەمرترن لەبۆچووندا) کە زۆربەی زۆری مرۆڤایەتی بەنەفرەت کرابن. هەمیشە لە هەموو هەنگاوێکدا مەترسی خۆی مەڵاس دابوو. شەیتان شەڕیان بوو لەسەر خواردنی ئامادەی قەشەکان، و ئەچوونە لەشی ئەو کەسانەوە کە خواردنیان بخواردایە بێ ئەوەی هێمای خاچەکە بکەن پێش ئەوەی دەست بە خواردن بکەن. خەڵکی کۆن ئەڵێن "خوا ڕەحمت لێ بکا" کاتێ ئەپژمیت، بیریان چووە کە ئەم عادەتە لە کوێوە هاتوە. هۆکارەکەی ئەوە بوو کە باوەڕ وابوو کە لە کاتی پژمیندا ڕۆحیان چوەتە دەرەوە و شەیتانی ئامادەش یەکسەر ئەچووە لەشێکی بێڕۆحەوە، بەڵام ئەگەر بڵێی "خوا ڕەحمت لێ بکا" شەیتانەکە ڕاو ئەنێت.

بەدرێژایی ٤٠٠ ساڵی ڕابردوو، کە تیایدا گەشەی زانست پلەپلە نیشانی مرۆڤی دا کە چۆن زانیاری دەستکەوێ دەربارەی ڕێگاکانی سروشت و زاڵبوون بەسەر هێزە سروشتیەکاندا، پیاوانی دین شەڕێکی دۆڕاو ئەکەن دژی زانست، هەروا ئەستێرەناسی، جیۆلۆجیا، ئەناتۆمی و فیسیۆلۆجی، زیندەوەرزانی و دەروونناسی و سۆسیۆلۆجیا. لە گۆشەنیگایەک بێهیوا ئەکرێن، ئەچنە گۆشەنیکایەکی تر. کاتێ لە ئەستێرەناسیدا دۆڕان، چیان پێ کرا کردیان تا جیۆلۆجیا گەشە نەکات، لە زیندەوەرزانی دژی داروین

جەنگان، لە ئێستاشدا دژی بیردۆزە زانستیەکانی دەروونناسی و پەروەردە ئەجەنگن. لە هەر قۆناغێکدا، هەوڵ ئەدەن خەڵکی پەردەپۆشکردنەکەی پێشتریان بیرچێتەوە، بۆ ئەوەی پەردەپۆشکردنەکەی ئێستایان نەناسرێتەوە. با چەن نموونەیەکی نائەقڵانیانەی نێو پیاوانی دینی لەسەرەتای سەرهەڵدانی زانستەوە باس بکەین، و دوایش بزانین باقی مرۆڤایەتی هیچ باشترن لەوان.

کاتێ بنیامین فرانکلین تولَی ئاسنی داگیرساوی داهێنا، پیاوانی دین، لە ئینگلتەرا و ئەمریکا، بە پشتیوانی بەحەماسی شا جۆرجی سێیەم، ئیدانەیان کرد وەک لادان لە ویستی پاکی خوودا. ئاخر هەموو کەسێکی ئەقڵ دروست لای وابوو، هەورە بروسکە لای خواوە نێردرابوو بۆ سزادانی بێدینی یان هەر گوناهێکی تری گەورە - هیچ کات پیاوانی لەخواترساو کارەبا نایانگرێت. بۆیە ئەگەر خودا بیەوێ بدا لە هەر کەسێ، بنیامین فرانکلین نابێ دەستکاری دیزاینی خودا بکات، ئەیچۆن، ئەوە یارمەتیدانی کەسانی تاوانبارە ئەگەر وا بکەیت. بەڵام خودا خۆشی تەداخولی کرد. ئەگەر باوەڕ بە دکتۆر پرایس بکەین، یەکێ لە پێشەوایانی بۆستن. هەورەبریسکە لەکار خرا بە "گڵۆپە ئاسنینە داهێنراوەکانی بلیمەت دکتۆر فرانکلین"  بۆیە ناوچەی ماساچوسیتس لەرزی بە زەمین لەرزە، دکتۆر پیەرس وای زانیبو کە خودا لەعنەتی ناردوە بۆ "خاڵە ئاسنەکان". لە خوتبەیەکدا لەسەر بابەتەکە وتی "لە بۆستن زیاتر دانراون تا لە نیو ئینگلاند، بۆیە بۆستن زیاتر لەرزیوە. ئەی! کەس ناتوانێ لە دەستە بەتواناکانی خودا ڕا بکات". هەرچەن، وادیارە قەدەر دەستی لە بۆستن شتبوو لەسەر خراپەکاریەکانی، چونکە گڵۆپ تا دەهات زیاتر و زیاتر بەکار ئەهات لە هەموو شوێنێکدا، کەچی زەمینلەرزەکانی ماساچوسیستس هەر وەک خۆی بە دەگمەنی مایەوە. سەرەڕای ئەمەش، بۆچوونی دکتۆر پرایس، یان بۆچوونیکی زۆر نزیک لەوە، هێشتا لەلایەن زۆرێک لە خەڵکانی دەستڕۆیشتووی زیندوو هەر ماوە. کاتێ، جاروبارە، زەمینلەرزەی خراپ ئەدات لە هیندستان، مەهاتما غاندی زۆر بە گەرمی داوا لە هەڤاڵەکانی ئەکات بزانن ئەوە فەلاکەتە و وەک سزایەکە بۆ گوناهەکانیان.

لە دوورگەکەی منیشدا ئەم بۆچوونە هێشتا هەر ماوە. لە کاتی جەنگی ڕابردوودا، دەوڵەتی بەریتانی تا توانی بزووتنەوەی بەرهەمهێنانی خواردنی لەناوخۆدا جوڵاند. لە ١٩١٦، کاتێ بارودۆخ باش نەبوو، پیاوێکی دینیی سکۆتلەندی نامەی نووسی بۆ ڕۆژنامەکان کەوا سەرنەکەوتنی سوپا هۆکارەکەی بڕیارەکەی حکومەت بوو، لە ڕۆژی شەممەی پیرۆزدا پەتاتە چێندرابوو. بەڵام لە فەلاکەت ڕزگار بوون، چوونکە ئەڵمانەکان هەر دە فەرمانەکەی جولەکەیان پشتگوێ خستبوو، نەک تەنها یەک دانەیان.

هەندێ جار، گەر پیاوانی بەتەقوا جێی باوەڕ بن، ڕەحمی خودا بە شێوەیەکی سەیر بە دڵی خۆی بڕیار ئەدات. تۆپلەیدی، نووسەری "بەردی زەمانە" لە قەشەگایەک بۆ قەشەگایەکی تر باری کردبو، هەفتەیەک دوای بارکردن، ئەوەی پێشتریان گڕی گرتبوو، قەشە جێگرەوە تازەکە زەرەری زۆری کردبوو تیایدا. بۆیە تۆپلەیدی سوپاسی خوای کردبوو، دەی نازانرێ قەشەی زەرەرمەند چی کردبوو تا شایەنی

ئەوە بێت. بۆرۆ، لە کتێبی "ئینجیل لە ئیسپانیا" ئەڵێ بەناو دۆڵێکدا تێپەڕیم کە پڕبوو لە جەردە. دەی کاروانی دوای من ڕووتکرابوونەوە و هەندێکیشیان کوژرابوون، کاتێ بۆرۆ ئەمە ئەبیستێ، وەک تۆپلەیدی ئەمیش سوپاسی خوا ئەکات.

هەرچەن ئێمە لە قوتابخانە، ئەستێرەناسی کۆپەرنیکۆس ئەخوێنین، هێشتا نەیتوانیوە بێتە ناو دین یان بەهاکانمانەوە، و هێشتا نەیتوانیوە باوەڕکردن بە بەختی ئەستێرەکان لەناو ببات. خەڵک هێشتا وا ئەزانن پلانی خوایی هێشتا بەجیا سەیری مرۆڤ ئەکات، و نەک هەر ئەوەی کە قەدەر ئاگای لە باشەکانە، بەڵکوو خراپەکانیش سزا ئەدات. هەندێ جار ئەحەپەسێم بە کفری ئەوانەی خۆیان بەتەقوا دا ئەنێن - بۆ نمونە، ژنەقەشە کە خۆیان ئەشۆن دایم ڕۆبێکیان لەبەردایە. کاتێ لێیان بپرسی بۆ، کاتێ هیچ پیاوێ نایان بینێت، ئەڵێن: "ئای، تۆ خوات بیر چوە". وادیارە خوا لای ئەوان کابرایەکی چاوچنۆکە و سەیری ئەمان ئەکات، لە کاتێکدا کون فەیەکونە و ئەتوانێ بەناو دیواردا بیان بینێ، ناتوانێ بەڕۆبێکەوە بیان بینێ. ئەمە بۆچوونێکە بەڕاستی لام سەمەرەیە.

تەواوی فیکری "گوناه" لام شتێکی سەیرە، تەبیعی هی ئەوەیە کە من خۆم کەسێکی گوناهبارم. ئەگەر "گوناه"بریتی بێ لە دووچاربوون بە ئازارکێشانێکی ناپێویست، ئەوکاتە لێی تێ ئەگەشتم، بەڵام بە پێچەوانەوە، گوناه زۆرجار هۆکارەکەی ئەوەیە کە خۆت لادەی لە دووچاربوون بە ئازاری ناپێویست. چەن ساڵێ پێش، لە مەجلیسی پیرانی ئینگلتەرا، یاسایەک پێشنیار کرا بۆ بەیاساییکردنی خۆمراندن بۆ کەسانی نەخۆشی بێچارەسەر و پڕئازار. پێویست بوو نەخۆش ڕازی بێ، لەگەڵ چەن بەڵگەی پزیشکی. بۆ من و بەسادەیی، ئەمە ئاساییە کە ویستی نەخۆش بزانرێ، بەڵام گەورەقەشەی کانتەربەری خوالێخۆشبوو، کەسی ئینگلتەرا و پسپۆڕ لە گوناه، ڕوونیکردەوە کە ئەو بۆچوونە هەڵەیە. خواستی کەسی نەخۆش ئەم کردارە ئەکاتە خۆکوشتن، و خۆکوشتنیش گوناهە. جەنابی لۆردانی مەجلیسیش گوێیان گرت لە دەنگی دەسەڵات و یاساکەیان ڕەتکردەوە. دواتر بۆ ئەوەی گەورەقەشە و خواکەی ڕازی بکەن، دەبوو لێقەوماوانی دەستی شێرپەنجە چەندین مانگ دوچاری ئازاری تەواو بێسود ببن مەگەر دکتۆرێک یان برینپێچێکی زۆر مرۆڤ مەترسی تۆمەتی کوشتنی بخستایەتە سەرخۆی تا نەجاتیان ببێ. من کێشەم لەگەڵ بابەتی خوایەکدا هەیە کە لەزەت ئەبینێ لە بیرکردنەوە لەم جۆرە لە ئەشکەنجە، ئەگەر خودایەک هەیە و توانای ئەوەی هەیە ئەو جۆرە دڕندەییە ببینێ، من بە دڵنیاییەوە بە شایانی پەرستنی نازانم. بەڵام ئەوە تەنها ئەوە ئەسەلەمێنێ کە من کەسێکم چەندە لە دابڕان لە ڕەوشتدا ڕۆچووم.

بەهەمان شێوە سەرم سوڕماوە لە شتانێک گوناهن و بە شتانێک کە گوناه نین. کاتێ کۆمەڵگای ڕێگرتن لە دڕندەدایەتی بەرامبەر ئاژەڵان داوای پشتیوانی لە پاپا کرد، ڕەفزی کرد، لەسەر بنەمای ئەوەی کە مرۆڤەکان هیچ قەرزاری ئاژەڵانی خوار خۆیان نین، وە خراپ جوڵانەوە لەگەڵ ئاژەڵاندا هیچ گوناهێک

نیە. ئەمە لەبەر ئەوەی کەوا ئاژەڵ ڕۆحی تیا نیە. لەولاشەوە، خراپە هاوسەرگیری بکەی لەگەڵ خوشکی خێزانە مردوەکەتدا - لانی کەم کەنیسە وامان فێر ئەکەن - هەرچەندە تۆ و ئەویش بتانەوێ هاوسەرگیری بکەن. ئەمە لەبەر ئەوە نیە کە دوچاری دڵتەنگیەک ببن، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە دەقێک هەیە لەناو ئینجیلدا.

زیندوکردنەوەی جەستە، کە یەکێکە لە خاڵەکانی بیروباوەڕی هاوەڵانە، بریتیە لە بیروباوەڕێک کە جۆرەها لێکەوتەی سەیری بەدواوەیە. نوسەرێک هەبوو چەن ساڵ پێش، کە بەشێوەیەکی زۆر نازیرەکانە ڕێکەوتی کۆتایی ژیانی دیاری کردبوو. ئەیوت کە گوایە جەستەی مرۆڤەکان پێویستی بە ماددەی خاو هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ بەرگە بگرێ تا ڕۆژی دوایی. بەوەی کە بە وردی بڕی مادەی خاوی هەژمارکردبوو، ئیتر گوایە بەوە توانیبووی ڕۆژی دوایی دیاری بکات و لەو ڕۆژەدا مادەی خاو نامێنێت پێی بژین. کاتێ کە ڕۆژەکە هات، ئیتر ئەبێت کۆتایی دنیا بێت، لەبەر ئەوەی لەو ڕۆژە بەدواوە زیندوکردنەوەی جەستە مەحاڵ ئەبێت. بەداخەوە بیرم چوە ڕێکەوتەکە کەیە بەڵام ئەزانم کە ڕێکەوتەکە زۆر دوور نیە لەمڕۆوە.

سەید تۆماس ئەکویناس، فەیلەسوفی فەرمی کەنیسەی کاتۆلیکی، بەدرێژی و بە جددی هەمان کێشەی باس کردوە، کە نیگەرانم، خواناسە مۆدێرنەکان پشتگوێی ئەخەن. ئەو گۆشتخۆرێک ئەهێنێتە پێشچاوی کە گۆشتی مرۆڤ نەبێ هیچی تری نەخواردوە، و باوک و دایکیشی پێش ئەویش هەروا هەمان حەزیان هەبووبێت. هەموو پارچەیەکی جەستەی بریتیە لە بەشێکی جەستەی کەسێکی تر. ناتوانین وای دانێین کە نابێ ئەوانەی لەلایەن گۆشتخۆرەکانەوە خوراون کورتە ڕێگای هەمیشییان دۆزیبێتەوە. بەڵام ئەگەر وانیە، چی ئەمێنێتەوە لە گۆشت خۆرەکە؟ چۆن ئەکرێ ئەو بۆ هەمیشە لە جەهەننەمدا بسوتێنرێ، ئەگەر هاتوو جەستەی بگەڕێنرێتەوە سەر خاوەنە ئەسڵیەکانیان؟ ئەمە پرسیارە سەرسوڕهێنەرەکەیە، کە جەنابی سەید بە دروست لێی تێگەشتوە.

لەم ڕووەوە ئۆرتۆدۆکسەکان[1] دژایەتیەکی سەیریان هەیە بەرامبەر سوتاندنی مرۆڤ، کە وا دیارە ئەوە دەر ئەخات کە بەتەواوی لە قودرەتی خوایی حاڵی نەبوون. وا بیر ئەکەنەوە کە ئەگەر جەستەیەک بسوتێنرێ سەختترە بۆ خودا کە بتوانێ کۆی کاتەوە و زیندوی کاتەوە دوبارە بەرامبەر بە جەستەیەک کە خرابێتە ژێر خاک و گۆڕا ببێت بە کرم. گومان لەوە نیە کە کۆکردنەوەی گەردەکانی ناو هەواو و هەڵوەشاندنەوەی کرداری سوتاندنەکە کارێکی سەختە تا ڕادەیەک، بەڵام بە تەئکید ئەبێت ئەوە کوفر بێ کە بوترێ ئەوە مەحاڵە بۆ خودا. بۆیە ئەگەمە ئەو ئەنجامەی کەوا دژایەتی کردنی سوتاندنی

[1] مەبەست لە وشەی ئۆرتۆدۆکس جۆری بنەڕەتی دینێکە وەک ئیسلامی سوننە بڕوانە ویکیپیدیا، لێرە باسی مەسیحیەکان ئەکات.

جەستەی مردوو ئەبێت کوفر بێت. بەڵام گومانم هەیە لەوەی کە بۆچونی من هیچ قورساییەکی هەبێت لای ئۆرتۆدۆکسەکان.

زۆر بە خاوی و بێدڵی بوو کە کەنیسە هاتە سەر ئەوەی ڕێگا بدەن جەستەی مرۆڤ بۆ بواری پزیشکی تەشریح بکرێت. داهێنەری بواری تەشریح ڤەسیلیەس[2] ناوێک بوو، کە لە دیوانی ئیمپراتۆر چارلسی پێنجەم حەکیم بوو. توانای پزیشکیی وای کردبوو کە ئیمپتراتۆر بیپارێزێت، بەڵام دوای ئەوەی ئیمپراتۆر مرد توشی گێچەڵ بوو. جەستەیەک کە ئەو ئیشی لەسەر کردبوو گوترابوو گوایە نیشانەی ژیانی تێدا بوە لەژێر چەقۆی ئەودا، و تۆمەتبار کرا بە کوشتن. لە لێکۆڵینەوەکەدا داواکرا کە پاشا فیلیپی دوەم نەرمی بنوێنێت لە مەسەلەکەدا، بۆیە حوکم درا بەوەی حەج بکات لە جێگای پیرۆز. لە کاتی گەڕانەوەیدا دوچاری کەشتی تێکشان هات و لە هیلاکیدا مرد. چەندین سەدە دوای ئەم، قوتابیانی پزیشکی زانکۆی پاپازی ڕۆم ڕێگەیان پێدرا دەست بکەن بە تەشریح، کە ئەندامەکانی زاوزێی لێ تەرک کرابوو.

پیرۆزی جەستە باوەڕێکی باوە. زۆرترین پیرۆزبوونیشی لای میسریەکان بوو، گەشتە ئەوەی مۆمیا بکەن. تا ئێستاش بە تەواوی هەر هەیە لە چین. نەشتەرگەرێکی فەرەنسی، کە لەلایەن چینیەکانەوە ئیشی پێدرابوو پزیشکیی ڕۆژاوایی بلێتەوە، کە داوای کردبوو جەستەی بدەنێ تەشریحی لەسەر بکات ببوە هەرا لەسەری، کەچی وترابوو خەمت نەبێ ژمارەی بێسنور لە جەستەی خەڵکی زینوی تاوانکارت ئەدەینێ. کەچی کە وتبوی نەخێر خاوەن ئیشە چینیەکانی وتبوویان بە هیچ شێوەیەک تێ ناگەین بۆ ناڕازیت.

هەرچەندە جۆرەها گوناه هەیە، حەوت جۆریان کوشندەن، بەرهەمدارترین ئیشی شەیتانیش بابەتی جنسە[3]. مەزهەبی ئۆرتۆدۆکسی لەلای سەید پۆڵ[4]، سەید ئۆگستین[5] و سەید تۆماس[6] ئەکویناسیش هەیە. باشترین شت ئەوەیە کە بە سەڵتی بمێنیتەوە و ئەوانەی کە نەتوانن ئەو پیرۆزیە هەڵگرن ئەوا ئەتوانن زەواج بکەن. خەوتن لەگەڵ خێزانەکەتدا گوناه نیە، بەو مەرجەی کەوا خەوتنەکە بە نیەتی ئەوە بێت کە وەچە بخەیتەوە. هەموو خەوتنێکیش لە دەرەوەی زەواج گوناهە، و هەروا بەهەمان شێوە ئەگەر لەگەڵ خێزانی خۆشتا بی بەڵام ڕێگە لە مناڵ بوون بگرن. لەباربردنی دوگیانیش هەر

---

2 ئاندریەس ڤەیسلیەس سەدەی ١٦ ژیاوە و خەڵکی بەلجیکای ئێستا بوە.

3 ئەوە نیە ئەوترێ گوهانکردن ئیشی شەیتانە

4 پۆڵ یان پۆڵس گوایە هاوڵی مەسحی بوە و سەدەی یەکی زاینی ژیاوە

5 گەورە فەیلەسوفی مەسیحیەت سەدەی پێنجەم ژیاوە

6 تۆماس دیسان هاوەڵی مەسیح و لەنوسینەکانی ڕەسڵشیدا لەوانەیە پەیوندیدار بێلم بەوە ناسراوە گومانی لە زینوو بونەوەی مەسیح هەبوە.

گوناهە، هەتا ئەگەر ڕای پزیشکیش وابێت کەوا تەنها ڕێگایە بۆ پاراستنی گیانی دایکەکە، چونکە ڕای پزیشک شایانی هەڵەیە بەڵام خودا ئەگەر خۆی بزانێت باشە گیانی دایکەکە ڕزگار ئەکات. ئەم بۆچونە لە یاسای ویلایەتی کۆنێکتیکەتی ئەمریکادا چەسپێنراوە. نەخۆشی جنسی سزای خودایە بۆ گوناه. ڕاستە، لەڕێگای مێردێکی گوناهبارەوە، ئەکرێ بگوازرێتەوە بۆ ژنێکی بێتاوانیش و مناڵەکانیشی، بەڵام ئەمە ئیتر سڕی ئیلاهیە، کە دژی بەتەقواییە ئەگەر هاتوو پرسیار بکەی لەسەری. نابێ پرسیاریش بکەین کە بۆچی نەخۆشی جنسی لەلایەن خوداوەندەوە دانەمەزرێنرا بوو تا کاتی کۆڵۆمبەس. ئەگەر ئەوە سزای دانراوی گوناهە، هەموو ڕێکارێکی خۆپاراستن لێی ئەبێت هەر گوناه بێت- بە دڵنیاییەوە جگە لە ژیانێکی پڕبەها. زەواج بەفەرمی هەڵناوەشێتەوە، بەڵام زۆرێک لەوانەی کە زواجیان کردبوو دۆخەکەیان وانەبوە. بۆ نمونە هەندێ لە کاسۆلیکە دەستڕۆشتوەکان، هەندێ بنەمای هەڵوەشاندنەوەی زەواجیان بۆ دۆزرابووەوە، بەڵام بۆ فەقیر بەهیچ شێوەیەک دەرگای وا نەبوو، تەنها لەکاتی نەتواناییاندا نەبێ. کەسانێ تەڵاقدرابن و زەواجیان کردبێتەوە لە چاوی خوادا زینایان کردوە.

دەستەواژەی "لە چاوی خوادا" سەرم سوڕ ئەهێنێ. یەکێک وا ئەزانێ کە خودا هەموو شتێک ئەبینێ، بەڵام ئەمە هەڵەیە بەڕوونی. چونکە ئەو ناتوانێ "ڕینۆ"[7] ببینێ، ئاخر تۆ ناتوانی لە چاوی خودادا جیا ببیتەوە لە خێزانت. ئۆفیسی تۆماری خێزان خاڵێکی گوماناویە. ئەبینم کە کەسانی بەڕێز، ناوی کەسێک نابەن کە بە ئاشکرا لەناو گوناهدا بژی، کەچی ئامادەن ناوی کەسێک بهێنن کە زەواجێکی دەرەوەی شەرع بکەن، بۆیە دیارە خودا ئۆفیسی تۆماری خێزان ئەبینێت.

هەندێ پیاوی دیار وا بیر ئەکەنەوە کە مەزهەبی کەنیسەی کاتۆلۆکی بەڕاستی جێگای قێزە بەتایبەتی لە بابەتی جنسدا. تۆڵستۆی و مەهاتما غاندی، لە تەمەنی پیریاندا، ئەوەیان وتوە کە هەموو جۆرە جنسێک خراپە، هەتا زەواجکردنیش و بەنیەتی مناڵ دروستکردنیش. مانەوەییەکان[8] هەمان بۆچوونیان هەبووە، بە پشتبەستن بەوەی مرۆڤ هەمیشە خەریکی گوناهە بەردوام قوتابی نوێیان هەبوە تا ئەمەیان فێرکەن. ئەم مەزهەبە، بۆخۆی کوفرە، هەرچەن بۆخۆی ئەوەش کوفرە کە بوترێ زەواجنەکردن و زەواجکردن وەک یەک شایانی بایەخن. تۆڵستۆی وای زانیوە توتن ئەوەندەی جنس خراپە، لە یەکێ لە ڕۆمانەکانیدا، پیاوێک کە بیر لەوە ئەکاتەوە کەسێک بکوژێ یەکەمجار جگەرەیەک ئەکێشێ بۆ ئەوەی توڕەیی کوشتنی پێویست بۆ کردارەکە تیایدا دروست ببێ. توتن، لەگەڵ ئەوەدا لە دەقەکاندا یاساغ نەکراوە، هەرچەن ساموێل بەتڵەر[9] ئەڵێ کەوا سەید پۆڵ ئەگەر بهاتایە و ناوی جگەرەی ببیستایە حەرامی ئەکرد.

---

[7] شاری ڕینۆی نەڤادا، ئەبێت هۆکارێکی هەبێ ڕەسڵ ناوی ڕینۆ ئەهێنێت

[8] کۆنە ئاینی "مانی"ی بابل و ئێرانی کۆن.

[9] ڕۆماننوسی ئینگلیز سەدەی نۆزدە

سەیرە کە چ کەنیسە و چ ڕای گشتی خەڵکی مۆدێرنیش ئاژەڵ گرتنە خۆ مەحکوم ناکەن، بەو مەرجەی لە هەنگاوێک تێنەپەڕێ. لە چ هەنگاوێکدا ئیتر ئەبێتە گوناە مەسەلەیەکە بۆخۆی پەیوەستە بە بڕیاردەرەکەوە. یەکێ لە کاسۆلیکە ئۆرتۆدۆکسە ناسراوەکان ئەڵێ کەوا کەسی دانپێدانەر ئەکرێ بەر مەمکی ژنەقەشەیەک بکەوێ، بەڵام نابێت بە نیەتی خراپ بەری بکەوێ. بەڵام یاسای سەردەم باوەڕ ناکەم هاوڕای بن لەسەر ئەم بابەتە.

ڕەوشتی مۆدێرن بریتیە لە تێکەڵیی دوو شت، لەلایەک چۆن لەگەڵ یەکتر لە کۆمەڵگایەکدا پێکەوە بژین، لەلایەکیش شتی یاساغی عادەتی کە سەرچاوەکەیان خورافیاتی کۆنە، بەڵام بەنزیکی لە کتێبە پیرۆزەکانی مەسیحی، موحەمەدی، هیندی و بودیستی. تا ڕادەیەک هەردوو هاوڕان، بۆ نمونە یاساغکردنی کوشتن و دزی، پشتیوانی کراوە لەلایەن هەردوو ئەقڵی مرۆڤ و فەرمانی خواییەوە. بەڵام ڕێگرتن لە گۆشتی بەراز یان مانگا تەنها کاری دەقەکانە، ئەویش تەنها لە هەندێ لە ئاینەکاندا. کەچی سەیرە مرۆڤی مۆدێرن، کە ئەبینن زانست چی هێناوەتە کایەوە لە دروستکردنی زانینی نوێ و گۆڕینی دۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی، هێشتا دەسەڵاتی دەق قەبوڵ ئەکەن کە بریتیە لە بەرجەستەکردنی دنیابینینی خێڵی زۆر کۆن و زۆر نەزانی جوتیار و ئاژەڵدار. زۆر ساردکەرەوەشە کە ئەبینی دنیابینینی ئەوان پیرۆز کراوە و بێ ئەوەی ڕەخنەی لێ بگیرێت قەبوڵکراوە و لەکاتێکدا ئەبێتە هۆکاری ئەو هەموو نەهامەتیە ناپێویستە. ئەگەر هەستە بەبەزەییکانی مرۆڤ بەهێزتر بوونایە، ڕێگایەکیان ئەدۆزیەوە بۆ ئەوەی ئەوە ڕوون بکەنەوە کە ئەم دنیابینینە هەق نیە بەتەواوی جێبەجێ بکرێن، وەک ئەو فەرمانەی کە ئەڵێ "بفرۆشە هەموو ئەوەی هەتە، و بیدە بە فەقیر."

کێشەی لۆجیکیش هەیە لە بیرۆکەی گوناهدا. پێمان ئەوترێ کەوا گوناه بریتیە لە گوێڕایەڵی نەکردنی فەرمانی خودا، بەڵام لە هەمان کاتدا پێمان ئەوترێ کە خودا قادرە. ئەگەر ئەو وایە، هیچ شتێک نابێت دژی ویستی ئەو ڕووبدا، لەبەر ئەوە ئەگەر گوناهبارێک دژی فەرمانی ئەو کردار بکات، ئەبێ ئەو ڕێگای دابێ ئەمە ڕوو بدات. سەید ئۆگستین بە توندی ئەمەی قەبوڵ بوە، و دوپاتی ئەکاتەوە کەوا پیاوان بەرەو گوناه ئەبرێن بەو کوێریەی خودا خۆی بەسەریاندا ئەهێنێت. بەڵام زۆربەی خوداناسان، لەم سەردەمەدا، وا هەست ئەکەن ئەگەر خودا مرۆڤ دوچاری گوناهکردن بکات، دادەپەروەرانە نیە کە بیان نێرێ بۆ جەهەننەم لە کاتێدا دەسەڵاتیان نیە. پێمان ئەوترێ کەوا گوناه بریتیە لە گوێڕایەڵی نەکردی خودا. کەچی ئەمە سەختیەکە ناڕەوێنێتەوە. ئەوانەی وەک سپینۆزا[10] بەجدی قادر بوونی خوا وەرەگرن، ئەڵێن کەوا شتێک نیە بەناوی گوناه کردن. ئەمە ئەمان گەیەنێتە ئەنجامی ترسناک. چی! هاوسەردەمانی سپینۆزا وتبویان، ئەی گوناه نیە کە نیرۆ دایکی خۆی کوشت؟ ئادەم گوناهی

---

[10] باروخ سپیۆزا فەیلەسوفی هۆڵەندی سەدەی حەڤدە و ڕەسڵ لە کتێبی "مێژووی فەلسەفەی ڕۆژاوا"دا یەکجار وەسفی بەتوانایی ئەکات.

نەکرد بەوەی سێوەکەی خوارد؟ ئایا کردارێک بەهەمان شێوەی کردارێکی تر دادپەروەرانەیە؟ سپینۆزا تەکان ئەدات، بەڵام هیچ وەڵامێکی قایلکەر نادۆزێتەوە. ئەگەر هەموو شتێک بە ویستی خودا بێ، خودا پێویستە وای ویستبێ کە نیرۆ دایکی خۆی بکوژێت، لەبەر ئەوە ئەگەر خودا باشە، ئەبێ کوشتەنەکەش باش بێ. لەم موناقەشەیە دەرچوون نیە.

لەلایەکی دیکەوە، ئەوانەی بەجدی وا ئەزانن کە گوناهـ بێگوێکردنی خودایە ناچارن بڵێن خودا هەموو قودرەتێکی نیە. ئەمە ئیتر لە هەموو مەتەڵە لۆجیکیەکان دێتە دەرەوە، و بریتیە لە بۆچونی کۆمەڵی خواناسی لیبراڵ. بەڵام لە هەمان کاتدا، سەختی خۆی هەیە. چۆن ئەبێ بزانین وستی خوا کامەیە؟ ئەگەر هێزە شەیتانیەکانیش تا ڕادەیەک دەسەڵاتیان هەبێ، ئەکرێ ئەوان وایان لێ تێگەیاندبین کە ئەوە دەقی خوایە لە کاتێکدا ئیشی خۆشیان بێت. ئەمە بۆچونی گنۆستیەکانە[11]، کە وایان زانیوە کە تەورات ئیشی ڕۆحێکی بەدکار بێت.

هەر لەگەڵ وازمان هێنا لە ئەقڵی خۆمان، و قایل بوین بە دەسەڵاتێک، ئیتر کێشەکانمان کۆتایی نایەت. دەسەڵاتی کێ؟ تەورات؟ ئینجیل؟ قورئان؟ لە پراتیکدا خەڵک ئەو کتێبە بە پیرۆز ئەزانن کە لەلایەن ئەو کۆمەڵگایەی تیای لەدایک بوون بە پیرۆز زانرابێت، لەناو ئەو کتێبەشدا ئەوەی حەزیان لێیەتی هەڵی ئەبژێرن، ئەوی دیکەی پشتگوێ ئەخەن. لە سەردەمێکدا، بەهێزترین دەقی ناو ئینجیل ئەمە بوو: "نابێت بهێڵی جادوگەرێک سەختی ژیان بچێژێ" بەڵام لەمڕۆدا خەڵک باز ئەدەن بەسەر ئەمەیاندا، ئەگەر بکرێ بێدەنگ، بەڵام ئەگەر نەکرا بەداوای لێبوردنەوە. بەو شێوەیە، هەتا کاتێک ئێمە کتێبێکی پیرۆزمان ئەبێ، هێشتا ئێمە ئەو ڕاستیە هەڵەبژێرین کە بەتەواوی لەگەڵ بڕیارە پێشوەختەکانماندا بگونجێت. هیچ کاتۆلیکێ، بۆ نمونە، ئەو دەقە بەجدی وەرنارگرێ کە ئەڵێ قەشەیەک ئەبێ تەنها مێردی یەک ژن بێت.

بیروباوەڕی خەڵک هۆکاری جیاوازی هەیە. یەکێکیان ئەوەیە کە هەندێ بەڵگە هەن بۆ ئەو باوەڕەی باسی ئەکەین. ئەمەش بۆ بابەتانێک کە ڕاستین ئەچەسپێ، بۆ نمونە "ژمارە تەلەفۆنی فیسار چەندە؟" بەڵام هەر لەگەڵ هاتینە سەر شتێک کە شایانی موناقەشەبێ، ئیتر بنەماکانی باوەڕێک کەمتر شایانی بەرگریکردنە. باوەڕمان وایە، پێش هەموو شتێک، ئەوەی کە وامان لێ ئەکا وابین ئەوەیە کە ئێمە ئینسانی چاکین. بەڕێز هۆمۆ، ئەگەر هاتوو هەرسکردنێکی باش و داهاتێکی چاکی هەبێت، هەست ئەکات کەوا زۆر لە فڵانی دراوسێی ئەقڵانیترە کاتێ دراوسێکەی زەواجی لەگەڵ کچە هەڵاتویەک کردوە و دایم پارە ئەدۆڕێنێ. وا ئەزانێ شارەکەی ئەم باڵاترە لە شارێک ٥٠ میل لەولاتر: ئای ژووری

---

11 گنۆستیزیم جۆرێکی کۆنی مەسیحی و جولەکەکانی سەردەمی شارستانیەتی یۆنانە کە زانیاری کەسی لایان گرنگتر بوە لە دەقەکان، مانەوی و سەبەئیەکانی عێراقیش بە هەمان دەستە ئەناسرێن.

بازرگانیەکەی گەورەترە و "یانەی ڕۆتاری"[12]یەکەی تیجاری ترە و سەرۆک شارەوانیش هەرگیج نەچۆتە زیندان. بێسنور وڵاتەکەی خۆی لا گەورەترە بەراورد بەوانی تر. ئەگەر ئینگلیز بێ، بە شکسپیر و ملتن ئەنازێ، یان بە نیوتن و داروین، یان نیڵسن و وێڵینگتن، تەبیعی بە میزاجی جەنابی. ئەگەر فەرەنسی بێ، پیرۆزبایی لە خۆی ئەکا بەو ڕاستیەی کە چەن سەدەیە فەرەنسا پێشەوایەتی دنیای کردوە لە کەلتور، مۆدە و خواردندا. ئەگەر ڕوس بێ، وا ئەزانێ ئەو سەربە نەتەوەیەکە کە تەنها نەتەوەی ڕاستەقینەی نێونەتەوەیین. ئەگەر یوگوسلاڤی بێ، شانازی بە بەرازەکانی وڵاتەکەیەوە ئەکات، ئەگەر خەڵکی شارەوانی مۆناکۆش بێ، ئەوا شانازی بە پێشەوایەتی دنیا ئەکات لە قومارکردندا.

بەڵام ئەمانە تەنها شتانێک نین کە پیرۆزبایی لە خۆی پێ بکات. ئەی ئەم ئەندامێک نیە لە توخمی 'هۆمۆ ساپیەنەکان'؟ تەنها ئەم ئاژەڵەیە ڕۆحی نەمری هەیە، ئەقڵانیە، جیاوازی نێوان باش و خراپ ئەزانێ، و فێری خشتەی لێکدانیش بوە. ئەی خودا لە وێنەی خۆی دروستی نەکردوە؟ هەموو شتێکیش بۆ "خزمەتکردن"ی مرۆڤ دروست نەکراوە؟ خۆر دروست کراوە بۆ ڕۆژکردنەوە، مانگ بۆ شەوان -- هەرچەن مانگ، لەبەر لێشێوانێک، تەنها نیوەی شەوان ڕووناکە. هەموو بەروبومی زەوی دروست کراوە بۆ مرۆڤ. هەتا کلکی سپی کەروێشک، لای هەندێ لە خوداناس، ئەرکێکیان هەیە، ئەویش ئاسانکارییەکە تا ڕاوچیەکان ڕاویان بکەن. تەبیعی، ڕاستە هەندێ ناقۆڵاییش هەیە، شێر و پڵنگ زۆر دڕن، هاوین زۆر گەرمە و زستانیش زۆر ساردە. بەڵام ئەم شتانە کاتێ توشمان بوون کە ئادەم بڕیاری دا سێوەکە بخوات، پێش ئەوە، هەموو ئاژەڵان ڕووەکخۆر بوون، وەرزیش هەمیشە بەهار بوو. ئەگەر ئادەم ڕازی بوایە بە قۆخ و لالەنگی، ترێ و هەرمێ و ئەناناس، ئەو بەهەشتە ئێستا هی ئێمە ئەبوو.

خۆبەگرنگ دانان، چ تاک چ گشتی، بناغەی زۆربەی زۆری باوەڕە دینیەکانمانە. هەتا بیرۆکەی گوناهـ سەرچاوەکەی لە خۆبەشت زانینەوە دێ. بۆرۆ ئەگێڕێتەوە چۆن بانگخوازێکی وێڵشی ناسیوە کە هەمیشە خەفەتباربوە. بە دڵسوتانەوە پرسیاری لێ کردوە و ئەویش هاتۆتە سەر ئەوەی دانی پێدا بنێ هۆکاری خەفەتباریەکەی: بەوەی کە لە تەمەنی حەوتساڵیدا گوناهێکی کردوە دژی ڕۆحی پیرۆز. "هاوڕێ ئازیزەکەم" بۆرۆ ئەڵێ، "مەهێڵە ئەوە ئازارت بدات، من بە دەرزەن خەڵک ئەناسم لەو دۆخەدان. وا هەست مەکە کە تۆ دابڕاوی لە باقی مرۆڤایەتی بەم ڕووداوە، ئەگەر بپرسی، زۆر خەڵکی تر هەیە کە ئازار ئەچێژن بەهۆی هەمان بێشەنسیەوە." لەو چرکەیەوە، ئیتر پیاوەکە چاک ئەبێتەوە. لەزەتی لەوە ئەبینی کە تەنها کەسێک بوو ئاوا بێ، بەڵام هیچ لەزەتێک لەوەدا نیە کە ئەندامی گروپێک بیت کە هەموو وەک ئەو گونناهبار بن. تەبیعی هەمو گوناهبارێک ئاوا گرنگی بەخۆیان نادەن، بەڵام خواناسان لەزەت لەوە ئەبینن کە مرۆڤ بریتی بێ لە بەشێک لە غەزەبی خودا هەروەها خۆشەویستی خودا.
دوای کەوتنەکە -میڵتن دڵنیامان ئەکاتەوە-

[12] ڕێکخراوی نێونەتەوەیی ڕۆتاری ڕێکخراوێکی نێودوڵەتیە کە بنکەی سەرەکی لە ئەمریکایە.

خۆر یەکەم پێویستی جوڵەی بۆ دروست بوو تا بدرەوشێتەوە، بۆ ئەوەی کاریگەری هەبێ لەسەر زەوی سارد و سەرچاوەی گەرمی مامناوەند، لە باکورەوە هەڵکات زستانی ڕەقکەرەوە و لە باشورەوە بێت گەرمای هاوینی ڕۆژانی خۆروەگەڕ[13].

ئەنجامەکە چەندە قابیلی ئەوەیە موناقەشە بکرێ، ئادەم زەحمەتە هەستی کردبێ خزمەتکراوە کە ڕوداوێکی وا گەورەی گەردوونی ڕووبدا بۆ ئەوەی ئەو دەرسێک وەرگرێ. تەواوی خواناسین، بە نیسبەت بابەتی دۆزەخەوە کەمتر لە بەهەشت، ئەوەی بیر ئەچێ کە پیاو گرنگترین بونەوەری گەردونە. لەبەرئەوەی هەموو خواناسەکان پیاو بونە، ئەم بۆچونەیان کەمترین بەرەنگاری کراوەتەوە.

لەوکاتەوەی بیردۆزی پەرەسەندنیش بوە مۆدە، پیاهەڵدانی مرۆڤ شێوازێکی نوێی وەرگرتوە. پێمان ئەوترێ کەوا پەرەسەندن بە یەک مەبەستی گەورە ڕێنمایی ئەکرێ: بە چەنەها ملیۆن ساڵ کە تەنها لیتە و لیقی هەبوە، بەدرێژایی تەمەنی دەیناسۆر و زەبەلاحەکانی تر، بە تەمەنی هەنگ و گوڵی کێوی، خودا خەریکی ئامادەکردنی لوتکەی داهێنانەکەی بوو. لە کۆتاییدا، کە کاتی خۆی هات، مرۆڤی دروست کرد، بۆ نمونە 'نێرۆ'[14] و کالیگوا[15]، هیتلەر و مۆسۆلۆنی، کە خودی ئەو خۆپیرۆزکردنە ببوە پاساوی ئەوەی ئەوان کردیان. لەلای من، مەحکومکردنی هەتاهەتایش کەمتر جێگای باوەڕە، و کەمتریش جێگای گاڵتەپێکردنە، بەراورد بەو ئەنجامە بێتوانا و سەقەتەی کە گوایە ئێمە شانازی بکەین بەوەی لوتکەی داهانێنانی خوایەکی قادرین. ئەگەر بەڕاستی خودا ئاوا قادرە، چۆنە ئەو ئەنجامە پیرۆزەی نەهێناوەتە دی بەبێ ئەوەی ئەو پرۆسە درێژ و پڕوکێنەرەی پێویست بێ؟

جگە لە پرسیاری ئەوەی کە ئایا مرۆڤ ئەوەندە خاوەن گەورەیەی کە مرۆڤە خواناسەکان بە نیسبەت پەرەسەندنەوە باسی ئەکەن، ئەو سەختیەش هەیە کەوا ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە بەنزیک دڵنیایەوە کاتیە. زەوی سارد ئەبێتەوە، یان ئەتمۆسفیەر[16] لە کۆتاییدا پەرتەوازە ئەبێ، یان ئاوی پێویست نامێنێ، یان وەک سێر جەیمز جینس پێشبینی پێغەمبەرانەی کردوە، خۆر ئەتەقێتەوە و هەموو هەسارەکان ئەبنەوە بە گاز. کام لەمانە یەکەمجار ڕوو ئەدات، کەس نازانێ، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا توخمی مرۆڤ لە کۆتاییدا نامێنێت. بەدڵنیایەوە، ڕووداوێکی لەم جۆرە بەنیسبەت بۆچونی ئۆرتۆکسەکانەوە هیچ بایەخێکی نیە، چونکە هەر ئەبێ مرۆڤ فانی بێ، و لە بەهەشت و جەهەننەمدا بەردەوام ئەبێ لە بوون کاتێک کەس نامێنێ لەسەر زەوی. بەڵام بۆچی لەو حاڵەتەدا

---

13 وشەی خۆروەگەڕ بریتیە لە ڕوداوە زانستیەکەی درێژترین ڕۆژ و درێژترین شەو.

14 ئیمپراتۆری پێنجەمی ڕۆم ناسراو بە دیکتاتۆر، موسرف و فاسق

15 ئیمپراتۆری سێیەمی ڕۆم و ئەمیش ناسراوە بە دکتاتۆریەتی

16 بەرگە گازیە چەن چینەکەی چواردەوری زەوی، وشەیەکی زانستی کوردیم نەبیستوە بۆی

پێویست ئەکات گۆڕانکاری لە گەردون ڕو بدات؟ ئەوانەی کە سورن لەسەر گەشەسەندن لە لیقیەکەوە[17] بۆ مرۆڤ، ئەبیەستنەوە بەم زەویە خڕەوە کە هەقە دوریان خاتەوە لەو نەتیجیە گیریەی کە ژیان بریتیە لە ماوەیەکی کەم لەنێوان گازی نێبولا و دوایین بەستەڵەکدا، یان لەوانەیە لەنێوان نێبولا و یەکێکی تردا. گرنگی مرۆڤ، کە مەزهەبێکی لەدەستنەبوەوەی خواناسانە، هیچ پشتیوانیەک ناکرێ لەلایەن دیدگای زانستیی داهاتوی کۆمەڵەی خۆر.

زۆر سەرچاوەی تریش هەیە بۆ باوەڕی هەڵە جگە لە خۆ-بەگرنگدانان. یەکێک لەوانە خۆشویستنی گەورەییە. من سەرردەمانێک جادوگەرێکی زانست-ئەقڵم ئەناسی، کە فێڵەکانی لەبەردەم گروپێکی کەم لە تەماشاکەردا ئەنجام ئەدا، ئەنجا داوای لێ ئەکردن، هەر یەکە بەجیا، کە هەرکام چیان بینی کە ڕوویدا بینوسنەوە. هەمیشە تەماشاکەران شتێکی گەورەتریان لەوە ئەنوسی کە لەڕاستیدا ڕوویدابوو، وە زۆر جار شتێکیشیان ئەنوسی کە هیچ سیحربازێک ناتوانێ بەدەستی بهێنێ، کەچی هەموو وایان ئەزانی ئەو شتانەی بەچاوی خۆیان بینیویانە بەدروستی گەیاندویانە. ئەم جۆرە لە هەڵەدروستکردن هێشتا هەر باوە لە بابەتی شایعەدا. کەسی یەک بە دوەم ئەڵێ کەوا بەڕێز فیلانی بینیوە کە بۆخۆی کەسێکی ڕێگریکەرە لە خواردنەوە کەچی حەزی لە خواردنەوە بوە، دەی کەسی دوەم بە کەسی سێیەم ئەڵێ کەوا خۆی فلان پیاوی بینیوە سەرخۆش بوە، کەسی سێیەمیش بە چوارەم ئەڵێ کەوا فلانکەس لەسەرخۆشیا لە چاڵێکدا هەڵیان گرتۆتەوە، چوارەمیش بە پێنجەم ئەڵێ فلانکەس هەموو ئێوارەیەک لەهۆش خۆی ئەچێ لەبەر سەرخۆشی. لێرەدا، ڕاستە، نیەتێکی تر دێتە ناوەوە، ئەویش خراپەکاریە. ئێمە حەزەکەین دراوسێکانمان بەخراپ ببینین، ئامادەین بە کەمترین بەڵگە بروا بکەین. هەتا ئەگەر نیەتێکی واش لە ئارادا نەبێ، شتی گەورە هەمیشە جێی باوەڕە مەگەر دژ بە باوەڕێکی پێشتری خۆمان بێت. هەموو مێژوو تا سەدەی هەژدە پڕە لە خەڵکانی بلیمەت و سەرسوڕهێنەر کەوا مێژونوسانی سەردەم پشتگوێیان خستوون، نەک لەبەر ئەوەی حەقیقەتەکەیان ئەوەندە جێی باوەڕ نیە لە ئاست مێژوونوساندا، بەڵکو حەزی مۆدێرن لەناو خوێنەواراندا ئەوەیە کە زانست بە ئەگەری دائەنێت[18]. شکسپیر ئەگێڕێتەوە شەوی پێش کوژرانی قەیسەر، کۆیلەیەک - هەر بە شێوە ئەیناسیتەوە - دەستی چەپی بەرز کردۆتەوە، کە بۆتە شوعلە و وەک بیست چرا ئەسوتا، کەچی دەستی کە بەرگەی سوتان ناگرێ نەسوتابوو. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا شمشێرەکەم هەڵنەکێشابوو دیتم بەرامبەر کاپیتۆڵ شێرێک، کە لێم ورد بوەوە و بەڵام بەبێ دەنگی دای بەلاما و ڕۆشت بێ ئەوەی نارەحەتم بکات، لەولاشەوە سەدان ژن کە کۆ بووبونەوە لە ترساندا واقیان وڕمابوو سوێندیان ئەخوارد کە پیاویان دیوە هەموو گیانیان ئاگراوی ئەهاتن و ئەچون لە شەقامەکاندا.

---

[17] ڕەسڵ کەمێ بە توانجەوە باسی پەرەسەندن ئەکات لە لینجی/لیقیەک یان قوڕێکی سەرەتاییەوە تا ببێ بە بەکتریا، مەیمون و ئەنجا مرۆڤ.

[18] واتە مێژونوسان لەبری ئەوەی بە ئاسان بڕوا بکەن کەچی ئەگەرە زانستیەکان بەکار ئەهێنن بۆ باوەڕ نەکردن

شکسپیر ئەم شتە گەورەیەی دانەهێناوە، لەلای مێژوونوسی بەناوبانگ خوێندویەتیەوە، کە لەوانەن کە ئێمە پشتیان پێ ئەبەستین بۆ زانیاری دەربارەی قەیسەر جولیەس. ئەم جۆرە لە شت هەمیشە ڕویداوە لەکاتی مردنی پیاوی گەورەدا یان لە سەرەتای جەنگێکی گرنگدا. هەتا بەم دوایشە لە ١٩١٤دا گوایە "فریشتەکانی مۆنز"[19] هانی جەنگاوەرە بەریتانیەکانیان دابوو. بەڵگە بۆ ڕوداوی لەم جۆرە کەمجار دەستی یەکە، مێژونوسە مۆدێرنەکان ڕەتی ئەکەنەوە - مەگەر تەبعەن، ڕوداوەکە گرنگیەکی ئاینی هەبێت.

هەموو هەستێکی بەهێز لایەنێکی دروستکردنی ئەفسانەی هەیە. کاتێ هەستێک ئەوەندە تایبەتە بە تاکێک، ئەو بەوە دا ئەنرێ کەم تا زۆر شێتە یان زۆر گرنگی بە ئەفسانەیەکی لەم جۆرە بدات کە خۆی دایهێنابێت. بەڵام کاتێ کە هەستێک گشتی بێت، بۆ نمونە لە جەنگدا، کەسێک نیە بتوانێ ئەو ئەفسانەیە ڕاست کاتەوە کە بەسروشتی دروست ئەبێ. بەو شێوەیە لە هەموو کاتێکی بزواندنێکی گشتی گەورەدا شایعەی ناڕاست ئەبێتە جێگای باوەڕی زۆرکەس. لە مانگی ئەیلولی ١٩١٤دا نزیک هەموو کەسێک لە ئینگلتەرا باوەڕیان وابوو سەربازە ڕوسەکان بەناو ئینگلتەرادا ڕۆشتوون بۆ بەرەی جەنگی ڕۆژاوا. هەموو کەسێک کەسێکی ئەناسی کە بینیبێتنی، بەڵام کەس نەبوو بڵێ خۆم دیومن.

ئەم توانای ئەفسانە بەرهەمهێنانە زۆرجار لەگەڵ دڕاندایەتیدا هاوپەیمانە. لە سەردەمی چاخەکانی ناوەڕاستەوە، جولەکەکان بەوە تۆمەتبار کراون کە مەراسیمی کوشتن ئەنجام ئەدەن. گەردیلەیەک بەڵگە نیە لەسەر ئەم تۆمەتە، هیچ ئەقڵێکی ژیریش کە تەماشای کردبێ باوەڕ بەو قسەیە ناکات. کەچی هەر ماوەتەوە. من سپی پێستی ڕووسیم دیوە کە تەواو باوەڕیان بەمە هەبوە کە ڕاستە، لەنێو نازیەکانیشدا بەبێ پرسیارکردن قەبوڵکرابوو. ئەفسانەی لەم جۆرە ئەبێتە بیانوو بۆ پاساوی ئەشکەنجە، و ئەو باوەڕە بێ بنەمایە ئەبێتە بەڵگەی ویستێکی لاشعور بۆ دۆزینەوەی لێقەوماوێک تا بچەوسێنرێتەوە.

تا کۆتایی سەدەی هەژدە بیردۆزیک هەبوو کەوا شێتی هۆکارەکەی ئەوەیە شەیتان ئەچێتە لەشی کەسەکەوە. بەو شێوەش شەیتانەکە وەک نەخۆشەکە ئازار ئەچێژێت، لەبەر ئەوە باشترین شت ئەوەیە ئەوەندە ئازاری نەخۆشەکە بدەی تا شەیتانەکە ناچار ببێ وازی لێ بهێنێت. کەسی شێت، بەپێی ئەم بیردۆزە، بەدڕندانەترین شێوە لێیان ئەدرێ. ئەم چارەسەرە لەسەر پاشا جۆرجی سێیەم تاقیکرابووەوە کە شێت بوو، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. ڕاستیەکی سەیر و پڕئازارە کە نزیک هەموو چارەسەرێکی بێسود کە باوەڕی پێکراوە لە مێژووی درێژی هەڵەی پزیشکیدا بونەتە هۆکاری ئازارێکی زۆر بۆ نەخۆش. کاتێ بێهۆشکردنی پزیشکی دۆزرایەوە، خەڵکانی بەباوەڕ ئەیانوت ئەمە ڕاکردنە لە

---

[19] مۆنز ناوچەیەکە لە فەرەنسا و جەنگی مۆنز ئەو جەنگەیە گوایە فریشتەکان تیای دەرکەوتوون

ویستی خودا. پێیان وترابوو کە خودا پەراسوی ئادەمی لابرد خستبویە خەوێکی قوڵەوە. ئەمە سەلماندی کە بێهۆشکردن ئاساییە بۆ پیاو و ژن هەرچەنە ئازاریش بکێشن چونکە خۆی لە نەفرەتی حەواوە هاتوە. لە رۆژاوا مافی دەنگدانی ژنان ئەمەی بەدرۆ خستەوە، بەڵام لە یابان، تا ئەمڕۆ ژنان ڕێگەیان پێ نادرێ دەرمانی بێهۆشکردنیان بۆ بەکار بهێنرێ لە کاتی مناڵ بووندا. لەبەر ئەوەی یابانیەکان باوەڕیان بە ئینجیل نیە، بۆ ئەم پارچەیە لە سادیزم (خۆئازاردان) ئەبێ پاساوێکی تریان دانابێت.

گومڕاییەکانی "ڕەگەز" و "خوێن" کە هەمیشە باوبوون، کە نازیەکان لەناو بیروباوەڕە فەرمیەکانیاندا بەرجەستەیان کردوە، هیچ پاساوێکی بابەتیانەی نیە، تەنها لەبەر ئەوە باوەڕیان پێهێنراوە چونکە بریتین لە پیرۆزکردنی خۆبەگەورەزانین و بزوێنەرەکانی دڕندایەتی کردن. بە شێوەیەک لە شێوەکان، ئەم باوەڕانە ئەوەندەی شارستانیەتەکان کۆنن، تەنها شێوازیان ئەگۆڕێت، جەوهەریان وەک خۆیەتی. هیرۆدۆت ئەڵێ کە چۆن کوروش لەلایەن لادێییەکەوە بەخێوکراوە، بەتەواوی بێئاگایە لەوەی کوروش خوێنی شازادەبوە، لە تەمەنی ١٢ساڵیدا هەڵسوکەوتی شاهانەی لەگەڵ منداڵانی تری لادێییدا ڕاستیەکەی دەرخستوە. ئەمە جۆرێکی کۆنە لە چیرۆک لە لە وڵاتە هیندو-ئەوروپیەکاندا باو بوە. هەتا خەڵکی زۆر مۆدێرن ئەڵێن کە "خوێنەکەت خۆی ئەدوێ". بۆیە سودی نیە بۆ زانایانی بواری فیسیۆلۆجی کە دنیا دڵنیا بکەنەوە لەوەی کە هیچ جیاوازیەک نیە لە نێوان خوێنی ڕەشپێست و سپی پێستێکدا. خاچی سوری ئەمریکی، بە ملکەچکردن بەو حوکمە پێشوەختەی باوبوو، یەکەمجار کاتێ ئەمریکا بەشداری کرد لەم شەڕەدا [جەنگی جیهانی دوەم]، بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە کە نابێت خوێنی ڕەشپێست بۆ گۆڕینی خوێن بەکار بهێنرێت. لە ئەنجامی ئەو هەڵچونەدا، دانیان بەوەدا نا کەوا ئەکرێ لەڕاستیدا خوێنی ڕەشپێست بەکار بهێنرێ، بەڵآم تەنها بۆ نەخۆشی ڕەشپێست. بەهەمان شێوە، لە ئەڵمانیا، سەربازی ڕەگەز ئاری کە پێویستی بە خوێن ببوایە وریایانە ئەپارێزرا لە پیسبوون بە خوێنی جولەکە.

لە بابەتی ڕەگەزدا، لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا باوەڕی جیاواز هەن. لە شوێنێ کە پاشایەتی دامەزرابێ، پاشاکان لە ڕەگەزێکی باڵآترن لە فەمانپێکراوانیان. تا ئەم ماوەیەش، گەردونیانە باوەڕ وابوو کەوا پیاوان بە بۆماوەیی ژیرترن لە ژنان، هەتا پیاوێکی ژیری وەک سپینۆزا دەنگ ئەدا دژ بە دەنگدانی ژنان لەسەر ئەم بنەمایە. لەنێوان پیاوانی سپی پێستدا، وا باوە کە بە سروشت پیاوی سپی پێست باڵآترن لە پیاوانی ڕەنگانی تر، بە تایبەتی ڕەشپێست، لە یابان، بەپێچوانەوە، ئەوترێ ڕەنگی زەرد باشترین ڕەنگە. لە هایتی، کاتێ کە پەیکەری مەسیح یان شەیتان دروست ئەکەن، مەسیح بە ڕەش و شەیتان بە سپی دروست ئەکەن. ئەرستۆ و ئەفلاتون لایان وابوو یۆنانیەکان بە سروشت باڵآتر بوون لە بەربەریەکان کەوای کردبوو لایان وابێت کۆیلایەتی جێگای خۆی بێت تا ئەو کاتەی خاوەن کۆیلە

یۆنانی و کۆیلەش بەڕبەڕ بێت. نازیەکان و ئەمریکیە یاسادانەرەکان کە یاسای کۆچبەریان داڕشت لایان وایە نۆردیک[20] باڵاتر بن لە سلاڤیەکان یان لاتینیەکان و هەر سپی پێستێکی تریش. بەڵام نازیەکان، لەژێر فشاری جەنگدا، ناچار بوون بڵێن کە ئێمە ئەزانین لە دەرەوەی ئەڵمانیا دەگمەنە کەسێکی نۆردی هەبێ، نەرویجیەکانیش خوێنیان پیس بوە، جگە لە کویزلینگ[21] و چەن شوێنکەوتویەکی، بە تێکەڵبوون لەگەڵ فینیەکان و لاپیەکان و خەڵکی لەو جۆرە. بۆیە سیاسیەت سەرەداوێکە بۆ نزمبونەوە. نۆردیکی خوێن پاک هیتلەری خۆش ئەوێ، ئەگەر تۆ هیتلەرت خۆش نەوێ ئەوە بەڵگەیە کە خوێنەکەت لەکەدار بوە.

ئەمانە هەمووی، تەبیعی قسەی پوچن بەتەواوی، هەموو کەسێکیش بابەتەکەی دیراسەکردبێ زانیویەتی کە وایە. لە قوتابخانەکان لە ئەمریکا، منالانی بنەچە جیاواز ئەخرێنە ژێر هەمان سیستمی پەروەردەوە، وە ئەوانەی کە ئیشیان ئەوەیە کە ئاستی زیرەکی دیاری بکەن، و بەشێوازی تر توانای سروشتی قوتابیان بخەملێنن، ناتوانن هیچ جیاوازیەک لەسەر بنەمای ڕەگەز دیاری بکەن بەو شێوەیەی خاوەن بیردۆزە ڕەگەزپەرستیەکان بانگەشەی بۆ ئەکەن. لە هەموو گروپێکی نەتەوەیی و نیشتیمانیدا منالی زیرەک و منالی تەوەزەل هەیە. ڕێی تێ ناچێ کە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا، منالانی ڕەنگ جیاواز لە سپی، بتوانن بەو شێوەیەی سپی پێستەکان گەشە بکەن، لەبەر ئەو لەکەیەی گوایە ڕەگەزیان خوارترە، بەڵام لە ئاستی سروشتی خۆیاندا و بەجیاکردنەوە لە کاریگەری چواردەوریان هیچ جیاوازیەک نیە لە نێوانیاندا. تەواوی بابەتی ڕەگەزی باڵا تەنها ئەفسانەیەکە دروستکراوە لەلایەن ئەوانەی خۆیان بەگەورەتر ئەزانن و خاوەن دەسەڵاتن. ئەکرێ ئەوەبێ کە، ڕۆژێک، بەڵگەی باشتر بێتە پێشەوە، لەوانەیە، لە داهاتوودا، پەروەردەکاران بیسەلمێنن (بۆ نمونە) جوەکان لە ناجوەکان زیرەکتربن. بەڵام لەبەر ئەوەی لە ئێستادا هیچ بەڵگەیەک نیە، ئەبێت تەواوی مەسەلەی ڕەگەزی باڵا بە قسەی پوچ دانرێت.

بێ ئەقڵیەکی تایبەت هەیە لە سەپاندنی بیردۆزە ڕەگەزیەکاندا بەسەر دانیشتوانە جیاوازەکانی ئەوروپادا. لە ئەوروپادا شتێک نیە بەناوی ڕەگەزی خاوێن. ڕوسەکان تێکەڵن بە خوێنی تەتەر، ئەڵمانەکان پێک هاتون لە تێکەڵەیەک لە سلاڤی، فەرەنسیەکان تێکەڵەیەکن لە سێڵتیکی، ئەڵمان و خەڵکانی دەریای ناوەڕاست، ئیتالیەکان بەهەمان شێوە بە زیادکردنی وەچەی کۆیلە هێنراوەکان لەلایەن ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیەوە. ئینگلیزەکان لەوانەیە لە هەموو تێکەڵتر بن خوێنیان. هیچ بەڵگەیەک نیە کە هیچ قازانجێ هەبێ لەوەی سە بە خوێنی ڕەگەزێکی خاوێن بیت. ڕەگەزە

---

20 وڵاتانی نۆردیک مەبەست وڵاتانی باکوری ئەوروپایە، جیاوازە لە سکەندەنافیا.

21 سوپاسالاری نەرویجی کە لایەنگری نازیەکان بو یارمەتیدەریان بو لە داگیرکردنی نەرویج

خاوێنەکان کە ئێستا ماون بریتین لە پیگمیەکان[22]، هۆتنتۆت[23] و ئوستورالیە ئەسڵیەکان، تەزمانیەکان، ئەوانەی کە گوایە خاوێنترن ئەکرێ نەمابن. ئەوانیش خاوەن کەلتورێکی باڵا نەبوون. یۆنانیە کۆنەکان، لەلایەکی ترەوە، لە تێکەڵبونی بەربەریە باکوریەکان و خەڵکانێکی ئەسڵی ئەوێ دروست بوون، ئەسینایی و ئایۆناییەکان، کە شارستانیترین بوون، تێکەڵترین خوێن بوون. کەواتە ئەوەمان بۆ دەرەکەوێ بناغەی خوێنی پاک تەنها خەو و خەیاڵە.

خورافیات دەربارەی خوێن زۆر شێوازی هەیە و هیچ پەیوەندی نیە بە ڕەگەزەوە. وەستان دژی کوشتن، وادیارە لە بنەڕەتدا، لەسەر بنەمای نەریت دامەزرابێ لەسەر ئەوەی کەوا خوێنی لێقەوماوەکە بوبێتە هۆی پیسکردنی نەریتەکە. خودا بە هابیل ئەڵێ: "دەنگی خوێنی براکەی تۆ هاوارم بۆ ئەکات لەژێر زەویەوە." بەڕای هەندێ لە مرۆڤناسان، نیشانەی هابیل بریتی بوە لە خۆشاردنەوەیەک بۆ ئەوەی خوێنی هابیل نەتوانێ ئەو بدۆزێتەوە؛ ئەمە وادیارە یەکەم هۆکاری ڕەشپۆشی مردنیش بووبێت. لە هەندێ لە کۆمەڵگا کۆنەکاندا هیچ جیاوازیەک نەکراوە لە نێوان کوشتنی بە مەبەست و کوشتنی سوتفە یان لەدەستدەرچوندا، لە هەردو حاڵەتەکەدا دەستنوێژگرتنە نەریتیەکە پێویست بوە. ئەو هەستەی کە هێشتا هەندێ وا ئەزانن خوێن لەکەدارکەرە هەر ماوە، بۆ نمونە چونە لای ژنان لە کاتی سوڕی خوێندا هێشتا نەهیکراوە. ئەوەی کەوا مناڵێک "خوێنی" باوکێتی هەمان بنەچەی خورافی هەیە. ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەست بێ بە خوێنەوە، خوێنی دایکە ئەچێتە مناڵەوە، نەک هی باوک. ئەگەر بەڕاستی خوێن ئەوەندە گرنگ بوایە کە وای دائەنرێ، تەنها ڕێگای گونجاو بۆ پشتاوپشتکردن لە ڕێگای دایکانەوەیە.

لە ڕووسیا لەژێر کاریگەری کارل مارکسدا، خەڵک لە دوای شۆڕشەوە بە بنەچەی ئابوریان پۆلێن کراون، هەندێ کێشە دروست بوون زۆر جیاواز نین لەوانەی لە ئەڵمانیا لەسەر بنەمای تیۆری نۆردیکەکانی سکەندەنافیا دامەزراون. دوو تیۆر هەن کە ئەبوایە یەکانگیر کرانایە: لەملاوە هەژارەکان خەڵکی باشن و لەولاشەوە خەڵکانی تر خراپ، کەچی لەلایەکی ترەوە، کۆمۆنیستەکان خەڵکی باشن و خەڵکی تریش خراپ. تەنها ڕێگایەک بۆ یەکانگیرکردنی ئەمە ئەوەبو مانای وشەکان بگۆڕدرێن. "پرۆلیتار" وای لێ هات مانای لایەنگری حکومەتی وەرگرت، لینین کە خۆی بە شازادەیی لەدایک بووە، دانرا بە ئەندامێک لە پرۆلیتارەکان. لەولاشەوە وشەی "کولاک"یش کە مانای دەوڵەمەندێکی فەقیری هەبوو، ماناکەی بوو بە هەر فەقیرێک کە دژی کۆمەڵخوازی بێت. ئەم جۆرە بێئەقڵیە هەمیشە سەرهەڵئەدا کاتێک وا دابنرێت گروپێک لە مرۆڤ باشترن لە گروپێکی تر. لە ئەمریکا، باڵاترین پیاهەڵدان بە کەسێکدا کە

---

[22] نەتەوەیەکی ئەفریقین لە دەشتاییەکانی کۆنگۆ

[23] ڕەسڵ وشەیەکی کۆن بەکار ئەهێنێ، ئەو نەتەوەیە بە خۆیخۆی ناسراون لە باشوری ئەفریقادان

ڕەنگی پێستی تۆخ بێت دوای ئەوەی کە مرد بێ کێشە، ئەوەیە کە بڵێی "ئەو کەسێکی سپی پێست بو." ژنیکی ئازا پێی ئەوترێ "پیاوانەیە". مەکبێث، کە وەسفی ئازایەتیی ژنەکەی ئەکات، ئەڵێ:

تەنها منالی پیاو بهێنە ژیان، چونکە توانای پاکی تۆ هەق نیە جگە لە نێر هیچی تر دروستکا.

بەم جۆرە قسەکردنە وای لێ یەت ویستی ئەوە نەبێ کە واز بهێنرێ لە گشتاندنی بێئەقڵی چەندین نەوە.

لە بواری ئابوریشدا چەندەها خورافیاتی بەربڵاو هەیە. بۆچی خەڵک نرخ بۆ ئاڵتون و بەردی گران بەها دائەنێن؟ مەسەلەکە تەنها ئەوە نیە کە دەگمەنن، زۆر مادە هەن لە سەر زەوی کە پێیان ئەوترێ "دەگمەنەکانی زەوی" کە زۆر کەمترن لە ئاڵتون، کەچی کەس دینارێکیان پێ نادا هەندێ پیاوی زانست نەبێ. بیردۆزێک هەیە، کە شایانی ئەوەیە زۆر قسەی لەسەر بکرێت، کەوا ئاڵتون و بەردی گرانبەها لە بنەمادا نرخەکەیان لەوەوە هاتوە کە گوایە تایبەتمەندی سیحراویان هەبوە. هەڵەی حکومەتەکان لە سەردەمی نوێدا وادیارە ئەوە نیشان ئەدات کەوا ئەم باوەڕە هێشتا ماوە لەنێو جۆرە کەسانێکدا کە بە کەسانی "واقیع بین" ناو ئەبرێن. لە کۆتایی دوایین شەڕدا، ڕێکەوتن کرا کە ئەڵمانیا ئەبێت پارەیەکی زۆر بدات بە ئینگلتەرا و فەرەنسا، و ئەوانیش دواتر بڕێکی زۆر بدەن بە ویلایەتە یەکگرتوەکان. هەموان ئەیان ویست پارەیان بدرێتێ نەک شتێکی تر، پیاوە "واقعی"یەکان نەیان ئەبینی کە ئەو بڕە پارەیە لە دنیادا بونی نیە. هەروەها نەشیان ئەزانی کەوا پارە خۆشی هیچ سودێکی نیە ئەگەر نەتوانی شتی پێ بکرێت. لەبەر ئەوەی ئەوان بەنیاز نەبون بۆ ئەم مەبەستە بەکاری بهێنن، بۆیە سودی بۆ کەس نەبوو. گوایە نرخێکی تایبەتی ئەفسوناوی هەبوە بۆ ئاڵتون کە وای کردوە کە ئەوە بهێنێ کانی بۆ هەڵکەنترێ لە ترانسڤال[24] و کەچی دوبارە بخرێتەوە ژێر زەوی لە سندوقێکی پارێزراودا لە ئەمریکا. لە کۆتاییدا، تەبیعی، وڵاتە قەرزارەکان پارەیان نەبوو، و وە لەبەر ئەوەی داوایان لێ نەکرابوو بە شمەک پارەکە بدەن، ئیفلاسیان کرد. قەیرانە گەورەکە[25] ڕاستەوخۆ ئەنجامی ئەو باوەڕە سیحراویە بوو بە ئاڵتون کە هێشتا هەر مابوو. ئەبێت مایەی ترس بێت کەوا هەندێ خورافیات ببێتە مایەی ئەنجامی هاوشێوە خراپ لە کۆتایی ئەم جەنگەشدا.

سیاسەت بە گشتی بە پانتایی سۆز حوکم ئەکرێ کە ئەویش خاڵیە لە ڕاستی.

---

24 ناوچەیەک بو لە ئەفریقای باشور بروانە ویکیبدیای ئینگلیزی.

25 بە ئینگلیزی گرەیت دیپرێشن، قەیرانی ئابوری گەورەی دوای جەنگی جیهانی یەکەم بوو

یەکێ لە شیعارە هەرە بڵاوەکان ئەمەیە "سروشتی مرۆڤ ناگۆڕدرێ." کەس ناتوانێ بڵێ ئەمە ڕاستە یان نە بەبێ ئەوەی پێناسەی "سروشتی مرۆڤ" بکرێت. بەڵام بەو مانایەی بەکار هاتوە بەدڵنیاییەوە هەڵەیە. کاتێ بەڕێز ئەلیف ئەم قسەیە ئەکات، بەدەم هەوایەکی خۆبەشت زانین و حیکمەتی باڵاوە، جەنابی مەبەستیەتی بڵێ کەوا هەموو مرۆڤێک لە هەمو شوێنێک بەردەوام ئەبن لەسەر ئەوەی باوەڕیان بەوە بێ کە پێیانە لە شوێنی خۆیاندا. کەمێ مرۆڤناسی ئەم باوەڕە ناهێڵێت. لەلای تبتیەکان، ژنێک چەن مێردی هەیە، چونکە پیاوێک لەبەر فەقیری ناتوانێ ژنێک بەخێو بکات، کەچی ئەوەندەی سەیاح باسیان کردوە بۆمان، خێزانەکان زیاتر لە شوێنانی تر دڵتەنگ نین. ئەوەی کە ژنی خۆت بە قەرز بدەی بە میوانێک، زۆر باوە لەنێو تیرە ناشارستانیەکاندا. ئوستورالیە ئەسڵیەکان، لە باڵغیدا، بە پرۆسەیەکی پڕئازاردا ئەڕۆن، کە تیایدا تا مردنیان، توانای جنسیان کەم ئەکرێتەوە. کوشتنی مناڵ، کە وادیارە دژی سروشتی مرۆڤە، پێش هاتنی مەسیحیەت گوایە جیهانی بوە، و ئەفلاتونیش ئامۆژگاری کردوە بۆ ڕێگرتن لە زیادبونی دانیشتوان. موڵکایەتی تاکی لەلای هەندێ لە تیرە وەحشیەکان دانی پێدا نەنراوە. هەتا لای خەڵکانی زۆر شارستانیش، هەندێ لەبەرچاوگرتنی ئابوری هەیە گرنگترە لە "سروشتی مرۆڤ". لە مۆسکۆ، کە تیایدا کێشەی نیشتەجێبون هەیە، کاتێ ژنێکی شونەکردو دوگیان ئەبێت، زۆر جار وایە کە پیاوانێکی زۆر هەوڵ ئەدەن بە یاسایی خۆیان بکەن بە باوکی مناڵەکە، لەبەر ئەوەی هەرکەسێک بتوانێ خۆی بکاتە باوکی مناڵیکە، مافی ئەوەی ئەبێت بچێتە ژوری ژنەکەوە و ئیتر نیو ژورت هەبێ باشترە لەوەی هیچت نەبێت.

لە ڕاستیدا، ناخی "مرۆڤی باڵق" تا بڵێی بگۆڕە، بەپێی هەلومەرجی پەروەردەکردن. خواردن و سێکس زۆر پێداویستی گشتین، لە شیعری تیبیاددا زاهیدەکان سێکس هەر ناکەن و خواردنیشیان کەمترین ئاستە کە ڕێک یەکسانە بە کولەمەرگی. بە کەمخواردن و ڕاهێنان، خەڵک ئەکرێ ببنە وەحش یان نەرم، خاوەنشکۆ یان کۆیلە، چۆن کەسی پەروەردەکەر بیەوێت. هیچ قسەیەک ئەوەندە پوچ نیە کەوا نەکرێ بکرێتە زۆربەی هەرەزۆری کرداری حکومەتێک. ئەفلاتون بەنیاز بوو "مەدینە فازیلە"کەی دامەزرێنێ لەسەر ئەفسانەیەک کە خۆیشی ئیعترافی ئەکرد بێمەعنا بوو، بەڵام دڵنیابوو لەوەی کە ئەکرێ خەڵک وا لێ بکرێ باوەڕی پێ بکەن. هۆبز، کە وای ئەزانی گرنگە خەڵک ڕێز لە حکومەت بگرن هەرچەندە شایەنیشی نەبێت، ئەو بۆچونە پشتڕاست ئەکاتەوە کە ئەکرێ سەخت بێ ڕەزامەندی هەوام بەدەست بهێنرێ بۆ هەر شتێک کە ئەوەندە نائەقڵانی بێت بە هێماکردن بۆ ئەوەی کە زۆرینەی خەڵک هاتونەتە سەر باوەڕی ئاینی مەسیحی و بە تایبەتیش بابەتی گۆڕینی نان و شەراب بۆ ڕۆحی مەسیح. ئەگەر هۆبز زیندو بوایە ئەمڕۆ، ئەیتوانی بەڵگەی زۆر بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی کە بۆچی گەنجانی ئەڵمان ژیانیان تەرخان کردوە بۆ نازیەت.

دەسەڵاتی دەوڵەتان بەسەر باوەڕی پیاواندا زۆر گەورەتر بوە لەو کاتەوەی دەوڵەتی زۆر گەورە دروست بوون.زۆربەی هەرەزۆری ڕۆمەکان بونە مەسیحی دوای ئەوەی ئیمپراتۆرە ڕۆمەکان بونە مەسیحی. لەو بەشانەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمدا کە لەلایەن عەرەبەکانەوە داگیرکرا، زۆربەی خەڵک مەسیحیەتیان واز لێ هێنا بەرەو ئیسلام. دابەشبوونی ئەوروپای ڕۆژاوا بۆ پرۆتستانت و کاسۆلیک بە بۆنەی حەزی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکانیانەوە بوو لە سەدەی شازەدەهەمدا. بەڵام دەسەڵاتی دەوڵەتان بەسەر باوەڕدا ئەمڕۆ زۆر گەورەترە لە هەمو کاتەکانی پێشووتر. باوەڕێک، چەندە ناڕاستیش بێت، زۆر بایەخدارە کاتێک توانای کۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوتی ژمارەیەکی زۆر پیاوی هەبێت. لەم ڕووەوە، ئەو باوەڕانەی کە تەڵقینکەری دەوڵەتی یابانی، ڕووسی، و ئەڵمانیەکانیش بووە بایەخدارن. لەبەر ئەوەی بەتەواوی لەیەک دوور ئەکەونەوە، ناکرێ هەمویان ڕاست بن، بەڵام ئەکرێ هەموویان هەڵەبن. بەداخەوە جۆرێکن کە توانای ئیلهام بەخشینیان هەیە بە پیاوان بە ویستێکی قایم کە بیانەوێ یەکتر بکوژن، تا ڕادەیەک کە بە تەواوی ڕێگریش بێ لە هەستی بەهێزی مانەوە لە ژیاندا. کەس ناتوانێ نکوڵی بکات، لە بەرامبەر بەڵگەدا، کەوا ئاسانە، ئەگەر هێزی سەربازیت هەبێ، بتوانی دانیشتوانێکی شێتی توندڕەو دروست بکەیت. بەهەمان شێوەش ئاسانە کەوا دانیشتوانێکی ژیر و ماقوڵ دروست بکەیت، بەڵام زۆرێک لە دەوڵەتان نایانەوێ ئەوە بکەن، لەبەر ئەوەی خەڵکانی لەو جۆرە ناتوانن ڕێز لە سیاسەتمەداران بگرن کەوا ئەبنە پێشەوای ئەم جۆرە لە دەوڵەت.

یەک شێواز لە جێبەجێکردنی ئەو بیروباوەڕەی کەوا سروشتی مرۆڤ ناگۆڕدرێ هەیە کە بەتایبەتی مەترسیدارە. ئەمیش ئەو باوەڕەیە کەوا هەمیشە شەڕ ئەبێت، لەبەر ئەوەی وا دروست بووین کە هەمیشە پێویستمان پێی بێت. ئەوەیان ڕاستە کەوا پیاوێک ئەو جۆرە خواردن و پەروەردەیەی ئەمڕۆ زۆرینە هەیەتی هەیبێت هەمیشە ئامادەی شەڕە ئەگەر بوروژێنرێ. بەڵام شەڕ ناکات ئەگەر نەزانێ فرسەتی سەرکەوتنی هەیە. زۆر ناخۆشە پۆلیسێک بتگرێ لەسەر تیژڕۆشتن، بەڵام شەڕیان لەگەڵدا ناکەین چونکە ئەزانین کە ئەو هێزی تەواوی دەوڵەتی لەپشتە. ئەو کەسانەی کەوا نەیانەوێ شەڕ بکەن پێیان ناوترێ کەسانێکن کە کێشەی دەرونیان هەبێت. سوید هیچ شەڕێکی نەکردوە لەساڵی ١٨١٤ەوە، بەڵام سویدیەکان، چەن ساڵێک لەمەوپێش قانعترین نەتەوە بوون لەسەر زەوی. گومانم هەیە کە ئێستاش هەر وابن، بەڵام ئەوە هۆکارەکەی ئەوەیە کە، هەرچەن سروشتیە، ئەوان ناتوانن خۆیان دەرباز بکەن لە زۆرێک لە وەحشیەتی شەڕ. ئەگەر دامەزراوە سیاسیەکان وابونایە کە شەڕیان وا لێ بکردایە کە قازانجی تێدا نەبوایە، هیچ شتێک نیە لە سروشتی مرۆڤدا پاڵی پێوە بنێ شەڕ بکات، وە یان کەسانی ئاسایی بێتاقەت بن بەوەی شەڕیان نەکردوە. هەمان ئارگومێنت کە ئێستا بەکار دێ بۆ مەحاڵ بوونی ڕێگرتن لە شەڕ پێشتر بەکار ئەهاتن بۆ پشتگیری کردن لە شەڕکردن، کەچی هەندێکمان توانیومانە خۆمانی لێ لا بدەین لەبەر ئەوەی ئێمە ڕێگەمان پێ نەدراوە شەڕ بکەین.

من باوەڕم پێهێنراوە کەوا هیچ سنورێک نیە بۆ ئەو بێئەقڵیەی کە بکرێ، بە کردارێک لەلایەن دەوڵەتەوە، باوەڕی پێ بکرێت. سوپایەکی گونجاوم بدەرێ، هەروەها دەسەڵاتی ئەوەش کە بتوانم موچە و خواردنی باشتریان بۆ دابین بکەم لەوەی کە کەسێکی ئاسایی دەستی ئەکەوێت، ئەوکاتە ئامادەم، لەماوەی سی ساڵدا، زۆرینەی خەڵک باوەڕ پێ بکەم کەوا دوو و دوو ئەکاتە سێ، کەوا ئاو گەرم بکرێ ئەیبەستێ و سارد ببێتەوە ئەکوڵێت، یان هەر شتێکی تری بێمانا کە وادیار بێ خزمەت بە دەوڵەت بکات. هەڵبەتە، کاتێ ئەم باوەڕانەش دروست کران خەڵک ناچن کتریەک بخەنە ناو بەفرەوە بۆ ئەوەی بکوڵێت. ئەوەی کەوا ئاو بە سەرما ئەکوڵێت ئەبێتە ڕاستیەکی ڕۆژی یەکشەممە، پیرۆز و سەمەرە، بە دەنگی زوڵاڵەوە باس ئەکرێت، بەڵام لە ژیانی ڕۆژانەدا کرداری پێ ناکرێت. ئەوەی ڕوو ئەدات ئەوەیە کەوا هەر کەسێک بە دەم ئینکاری ئەو باوەڕە سەمەرەیە بکات ئەبێتە شتێکی نایاسایی، کەسانێکیش لەو ڕێگایە لا بدەن "ئەکرێنە سەهۆڵ" لە جێگای خۆیدا. هەرکەسێک بە حەماسەوە باوەڕە ڕەسمیەکە قەبوڵ نەکات ڕێگای پێ نادرێ وانە بڵێتەوە یان هیچ پێگەیەکی هەبێ لە دەسەڵاتدا. تەنها کەسانی ئاست باڵا، لە گەڵ پەرداخە شەرابەکانیاندا، بە چپە بە یەکتر ئەڵێن کە چەن شتێکی بێمانایە، و دەست ئەکەنەوە بە خواردنەوە دیسان. ئەمە بەڕاستی کاریکاتێر نیە بەراورد بەوەی ڕوو ئەدات لەژێر هەندێ دەوڵەتی مۆدێرندا.

ئەو دۆزینەوەیەی کە مرۆڤ ئەکرێ زانستایانە ئیستیغلال بکرێ، و دەوڵەتان ئەتوانن ژمارەی زۆری خەڵک بەم لا یان بەولادا ببەن بەدڵی خۆیان، یەکێکە لە هۆکارەکانی بەدبەختیمان. جیاوازی نێوان کۆمەڵێک هاوڵاتی مێشک ئازاد و کۆمەڵگایەکیش کە لەقاڵب درابێ بە مێتۆدە مۆدێرنەکانی پروپاگەندە هەمان جیاوازیە لەنێوان مادەی خاوی کۆکراوە لەجێگایەکدا بەرامبەر کەشتیەکی جەنگی. پەروەردە، کە یەکەمجار کرا بە گشتی بۆ ئەوەبوو کە هەموان بتوانن بنوسن و بخوێننەوە، زانرا کە توانای هەیە بۆ ئەوەی مەبەستی تریشی پێ جێبەجێ بکرێت. بەوەی کەوا شتی بێمانا کە ئەبێتە هۆی یەکخستنی دانیشتوانەکان و حەماسەتێکی دەستەجەمعی دروست ئەکات. ئەگەر هەموو دەوڵەتان هەمان شتانی بێمانایان فێری خەڵک بکردایە، زەرەرەکە ئەوەندەی ئێستا گەورە نەئەبوو. بەداخەوە هەریەکەیان جۆرێکی خۆیان هەیە، ئەو جیاوازیەش لە شتی بێمانا بۆتە هۆی دروستکردنی دوژمنایەتی لەنێوان دەروێشەکانی باوەڕە جیاوازەکاندا. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان قەرار بێت ئاشتی بەرپا بێت لە دنیادا، دەوڵەتان ئەبێت ڕێکەون لەسەر تەڵقین نەکردنی هیچ باوەڕێک، یان تەڵقین کردنی هەمان باوەڕ. ئەوەی یەکەمیان، ئەترسم، خەوێکی یۆتۆپیاییە، بەڵام ئەکرێ ڕێک بکەون لەسەر ئەوەی بەیەکەوە هەمان شت فێری خەڵک بکەن کە پیاوان، لە هەموو شوێنێک، بە تەواوی خاوەن بەهان و ئەوپەڕی

ژیرن. ئەکرێ، کاتێ جەنگ کۆتایی پێ هاتبێ، ئەکرێ سیاسەتمەداران ئیتر بە باشی بزانن لەسەر بەرنامەیەکی لەو شێوە ڕێک بکەون.

بەڵام هاوئاهەنگیش مەترسی خۆی هەیە، هەروەک نەگونجان.

هەندێ "بیرمەندی پێشکەوتوو" ڕایان وایە کە هەر کەسێ لەگەڵ ڕای تەقلیدی نەبێ ئیتر لەسەر ڕێگای ڕاستە. ئەمە گومڕاییە، ئەگەر وا نەبوایە، ڕاستی ئاسانتر ئەدۆزرایەوە تا ئەوەی هەیە. بێکۆتا ئەگەری هەڵەبون هەیە، خەڵکانی نەزان زیاتر هەڵەی سەیروسەمەرە ئەکەن نەک ڕاستیی سەیروسەمەرە. جارێک ئەندازیارێکی کارەبام بینی یەکەم وشەکانی لەگەڵ من ئەمە بوو "چۆنی بەڕێز؟ دوو ڕێگا هەیە بۆ چاککردنەوەی باوەڕ، ئەوەیان کە مەسیح پەیڕەوی کردوە و ئەوەشیان کە زۆربەی زانا مەسیحیەکان. من ئەو ڕێگایەی مەسیح پەیڕەوی کردوە پیادە ئەکەم." دوای ماوەیەکی کەم، ئەم کەسە کرایە زیندان لەبەر ئەوەی تەزویری کردبو لە حیساباتدا. یاسا تەماشای تەداخول کردنی باوەڕ بۆ ئەم بوارە ناکات بەنەرمی. هەروەها پزیشکێکی دیاری شێتیشم ئەناسی کە دەستی دابوە فەلسەفە، و لۆجیکێکی تازەی ئەوتەوە، کە بە سەراحەت باسی بکەین، لە شێتە نەخۆشەکانیەوە فێر بوو بوو. کە مرد وەسیەتنامەیەکی نوسیبوو و تیایدا زەمالەیەکی پرۆفیسۆری دانابوو بۆ فێرکردنی مێتۆدە زانستیە تازەکەی، بەداخەوە هیچ داهاتێکی جێنەهێشتبوو لەدوای خۆی. کرداره بیرکاریەکان کەللەڕەقن بەرامبەر لۆجیکی شێت. جارێکیان پیاوێک هات بۆلام وتی کام لە کتێبەکانی خۆت تەوسیە ئەکەی بۆم، چونکە حەزی لە فەلسەفە بوو. بۆم کرد، بەڵام ڕۆژی دواتر هاتەوە و وتی یەکێکیانم خوێندۆتەوە و تەنها یەک ڕەستەی تێگەشتوم، وە ئەو ڕستەیەش وادیارە هەڵەبوە بۆ ئەو. وتم کام دێڕە بوو، وتی ئەوەیان کە تیایدا ئەڵێی قەیسەر مردوە. کە پرسیارم کرد بۆچی بەوە ڕازی نابیت، خۆی کێشایەوە و وتی: "من قەیسەرم." ئەم نمونانە ئەکرێ بەس بن بۆ ئەوەی نیشانی بدەن کەوا تۆ ناتوانی لەسەر ڕێگای ڕاست بیت تەنها بەوەی کە ڕایەکەت سەیروسەمەرە بێت.

زانست، کە هەمیشە جەنگاوە بەرامبەر ئەوەی دژی ڕای باو بێت، ئێستا یەکێک لە سەختترین جەنگەکانی لە بواری دەروونناسیدا ئەنجام ئەدات.

خەڵکانێک کە وا ئەزانن هەمو شتێک دەربارەی سروشتی مرۆڤ ئەزانن هەمیشە بێهیوا لەناو دەریادان کاتێ دوچاری شتێکی نائاسیی ئەبنەوە. هەندێ کوڕ هیچ کاتێک فێری ئەوە نابن "ماڵی" بن. جۆرە کەسێک کە قسەی پوچ قەبوڵ نەکات، بە سزادان پاداشتی حاڵەتی لەو جۆرە ئەداتەوە؛ە کوڕەکە لێی ئەدرێت، کاتێکیش هەڵەی تر بکات زیاتریشی لێ ئەدرێت. هەمو پیاوانی پزیشکیش کە دیراسەی ئەم بابەتەیان کردوە ئەزانن کە سزادان تەنها حاڵەتەکە خراپتر ئەکات. هەندێ جار هۆکارەکە فیزیکیە، بەڵام عادەتەن دەروونیە، و تەنها چارەسەریش ئەوەیە هەندێ خەفەت کە لە قوڵایی دڵدایە و لەوانەیە

بێئاگاش بێ لابردرێت. بەڵام زۆربەی خەڵک لەزەت لە سزادانی کەسێک ئەبینێ کە پێی ئیزعاج بن، بۆیە ڕا پزیشکیەکە ڕەت ئەکرێتەوە لەسەر بنەمای ئەوەی کە قسەی خەیاڵی پوچە. هەمان شتیش بەسەر پیاوانی خۆ-نوێنەردا ئەچەسپێت، ئەکرێنە زیندان بەڵام هەر کە هاتنە دەرەوە هەمان هەڵە ئەنجام ئەدەنەوە. کەسێکی پزیشک کە پسپۆڕی بوارەکە بوو دڵنیای کردمەوە کەوا ئەکرێ ئەو کەسە خۆ-نوێنەردا تەنها بە پانتۆڵێک کە لە پشتەوە قۆپچەی هەبێت نەک لە پێشەوە چارەسەر بکرێت. بەڵام ئەم مێتۆدە تاقی نەکراوەتەوە لەبەر ئەوەی لەگەڵ ناخی خەڵکیدا ناگونجێت.

بەگشتی ئەگەر قسە بکەین، سزادان ئەکرێ ڕێگە لە تاوانێک بگرێ کە هەمان سەرچاوەیان هەبێت، بەڵام نەک ئەوانەی لە دەرونناسیەکی نائاساییەوە هەڵقوڵابن. ئەمە لە ئێستادا نیمچە دانپێدانراوە؛ جیاوازی ئەکەین لەنێوان دزی ئاشکرا، کە لەوەی بە هۆشیاری بەرژەوەندی-خود ناو ئەبرێ هەڵئەقوڵێت، بەرامبەر نەخۆشیی دزیکردن، کە نیشانەی شتێکی تایبەتە. هەروەها شێتە بکوژەکان وەک بکوژی ئاسایی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ناکرێت. بەڵام لادانی جنسی هێشتان ئەوەندە بێزاریی ئەبزوێنێ کە هێشتا ناتوانین وەک نەخۆشی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەین نەک بە سزادان. توڕەیی، هەرچەندە بە گشتی هێزێکی کۆمەڵایەتی سودمەندە، ئەبێتە زەرەرمەند کاتێ ئاراستە ئەکرێ بەرامبەر لێقەوماوانی هەندێ ناساغی کە تەنها بە توانای پزیشکی چارە بکرێن.

هەمان جۆرە شت ڕوو ئەداتە دەربارەی تەواوی نەتەوە. بەدرێژایی جەنگی پێشو، بەسروشتی، هەستی ڕقاوی خەڵک جوڵێنرا دژ بە ئەڵمانەکان، کە دوای کەوتنیان زۆر بەتوندی سزادران. ئێستا زۆر خەڵک باسی ئەوە ئەکەن کە ڕێکەوتننامەی ڤێرسای تا ئاستی گاڵتەجاڕی نەرم بوە، چونکە نەیتوانیوە دەرسێک دا بدات، ئەمجارە، هەندێک لایان وایە، ئەبێت بەڕاستی توند بێت. لای من، ئەبێت زۆرتر هەوڵی ئەوە بدەین کە پەلاماری ئەڵمانەکان دوبارە نەبێتەوە ئەگەر بێتو ئەو پلە و پایەیەی ئەڵمانەکان بۆخۆیان دانابوو بە نەخۆشی دابنێین نەک تەنا وەک تاوانکار.شێت، بەدڵنیاییەوە، ئەبێت ببەسترێتەوە، نابێ بهێڵین چەکیان پێ بێت. بەهەمان شێوە، نەتەوەی ئەڵمانی ئەبێت بێچەککرێن. بەڵام شێت ئەبەسترێتەوە وەک دڵسۆزی نەک وەک سزادان، ئەوەندەشی کە بتوانین بەدەم ئەو بەزەیی پیاهاتنەوەشەوە ئەبێت دڵخۆشیان کەین. هەمووان ئەزانن کە شێتێکی بکوژ تا دڵی خۆشتر بێت کەمتر ئەگەری خەڵک کوشتنی ئەبێت. لە ئەڵمانیا و لەم کاتەدا، بە دڵنیاییەوە هەن، پیاوانێک لەنێو نازیەکاندا کەوا تاوانکاری ڕووتن، بەڵام ئەبێت خەڵکانێکیش هەبن کە کەم یان زیاد شێتن. ئەگەر واز لە سەرکردەکانیان بهێنین (کە هیچ نەرمیەک نانوێنم بەرامبەریان)، زۆرینەی نەتەوەی ئەڵمان ئەگەری زیاتری هەیە کە فێری هاریکاری ببن لەگەڵ خەڵکانی تردا لە جیهان ئەگەر بێتوچارەسەرێکی نەرم بەڵام قایمیان بۆ بکرێت بەرامبەر بەوەی دابڕین لە نەتەوەکانی تر. ئەوانەی کەوا سزا ئەدرێن دەگمەن

هەست بە چاکە بکەن بەرامبەر ئەوانەی سزایان ئەدەن. بۆیە تا ئەڵمانەکان ڕقیان لە باقی دنیا بێت ئاشتی زەحمەتە بەرقەرار بێت.

کاتێ یەکێک بیروباوەڕی وەحشیەکان ئەخوێنێتەوە، یان ئەوانەی بابلیە کۆنەکان و میسریەکان، سەری سوڕ ئەمێنێ لەو بێئەقڵیە سەیرەیان. بەڵام بیروباوەڕانێک کە بە هەمان شێوە بێئەقڵانەیە هێشتا لەلایەن خەڵکانێکی نەخوێندەوارەوە پەرەی پێ ئەدرێ لە مۆدێرنترین و شارستانی ترین کۆمەڵگاکاندا. من شتانێکی یەکجار بێئەقڵانەم دیوە لە ئەمریکا، کە گوایە ئەوانەی لە مانگی ئازادردا لەدایک بن کەم بەختن و ئەوانەی لە مانگی مایسدا لەدایک ببن بە تایبەتی کەسایەتیەکی عاتیفیان هەیە. من مێژووی ئەم خورافیاتانە نازانم، بەڵام ئەکرێ لە خۆشەویستیی ڕاهینە بابلی و میسریەکانەوە وەرگیرابێت. بیروباوەڕ لە چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵگاوە هەڵئەقوڵێ، و ئەنجا، وەک قوڕی ناو ڕووبار، بەناو چینی خوێنەواردا ئەنیشێ، ئەکرێ ٣٠٠٠ یان ٤٠٠٠ ساڵی پێ بچێت تا بگاتە بنی ڕووبارەکە. ئەکرێ کەسێکی ئەسمەری یارمەتیدەرت قسەیەک بکات کە ڕاستەوخۆ لە دەمی ئەفلاتون هاتبێتە دەرەوە، نەک ئەو قسانەی ئەفلاتون کە زانایان نەقڵی ئەکەن، بەڵکو ئەو بەشانەی کە ئاشکرا قسەی پوچی کردوە، بۆ نمونە کەسێک کە بەدوای حیکمەت نەکەوێ دوبارە وەک ژن لەدایک ئەبێتەوە. کەسانێک قسە لەسەر فەلاسیفەی گەورە بکەن بەڕێزەوە هەندێ لە قسەکانیان پشتگوێ ئەخەن.

ئەرستۆ، سەرباری ناوبانگەکەی، پڕیەتی لە قسەی پوچ. ئەو ئەڵێ کەوا منداڵ ئەبێت لە زستاندا بخرێتەوە، کاتێ با لە باکورەوە دێ، و ئەگەر زوو زەواج بکەی منداڵەکانت کچ دەرئەچن. پێمان ئەڵێ کەوا خوێنی ژن ڕەشترە لە خوێنی پیاو، و بەراز تەنها حەیوانە توشی سورێژە ببێت، و فیلێک توشی بێخەوی بوبێ هەقە خوێ، زەیتی زەیتون و ئاوی گەرم بدرێ لە شانەکانی، یان ژنان دانیان کەمترە لە پیاوان و قسەی تریش. کەچی، ئەو لەلایەن زۆرینەی فەلاسیفەوە بە بلیمەتی ژیری ناسراوە.

خورافیات دەربارەی ەنەراڵەکانیش بووە. لەناو خۆشماندا خراپی بەخت و بەدبەختی نزیک گەردونین. لە کاتە کۆنەکاندا حاکمی هەڵسوکەوتی ج تەماشاکردنی ڕۆژانی هەینی و ژمارە سیازدە زۆر چالاکە، کەشتیەوانان پێیان خۆش نیە ڕۆژانی هەینی دەرچن، زۆرێک لە ئوتێلەکان نهۆمی ١٣یەمیان نیە. خورافیات دەربارەی هەینی و ژمارە ١٣ سەردەمانێک لەلایەن خەڵکانی ژیرانی بەناوبانگەوە باوەڕیان پێ کرابوو، ئێستا پیاوانی لەو جۆرە خەڵکانێکی بێزیانی بێئەقڵن. بەڵام، ئەکرێ ٢٠٠٠ ساڵی تریش ئەوەی ئێستا ژیرەکانمان باوەڕیان پێیەتی بەهەمان شێوە بێئەقڵانە بێت. پیاو ئاژەڵێکی خۆشباوەڕە، وە پێویستە باوەڕی بە شتێک هەبێت، لەکاتی نەبوونی باوەڕێکی باشدا، بە باوەڕی خراپیش قایل ئەبێت.

باوەڕ بە "سروشت" و ئەوەی بە "سروشتی" زانراوە سەرچاوەی زۆر هەڵەیە. پێشتر و تا ڕادەیەکیش ئێستاش، کارەکتەرێکی کاریگەری بواری پزیشکیە. جەستەی مرۆڤ، کە وازی لێ بهێنی بۆخۆی، توانای خۆ چاک کردنەوەی هەیە، بڕینی بچوک چاک ئەبێتەوە، سەرمایەک خۆی نامێنێ، و هەندێ نەخۆشی جدیش خۆی بێ چارەسەر چاک ئەبێتەوە. بەڵام یارمەتی دانی سروشت لەم بوارەدا زۆر خوازراوە، هەتا لەم حاڵەتانەشدا. بڕین ئەکرێ ئیلتیهاب بکات ئەگەر تەعقیم نەکرێت، سەرما ئەکرێ ببێتە ئیلتیهابی سنگ، و نەخۆشی جددیش ئەگەر هەر وازی لێ بهێنی بێ چارەسەر لەلایەن گەڕیدە و ڕێبوارانی ناوچە دورەکانەوە، کە هیچ چارەی تریان نیە. زۆرێک لەو عادەتانەی کە بونە بە "سروشتی" لە بنەمادا "ناسروشتی" بون، بۆ نمونە جل و بەرگ و خۆشتن. ئینسان پێش ئەوەی جلی لەبەرکردبێ ئەکرێ موستەحیل بوبێ لە شوێنی ساردا بژیایە. لە شوێنێک کە نەتوانی پاکوخاوێن بیت، دانیشتوان دوچاری جۆرەها نەخۆشی ئەبن، وەک تایفوس، کە نەتەوە ڕۆژاواییەکان لە ئێستادا بنەبڕیان کردوە. پێکوت (ڤاکسین) پێشتر و ئێستاکەش هێشتا هەر دژایەتی ئەکرێ بەوەی "ناسروشتی"یە. بەڵام هیچ دامەزراویەک نیە لەو دژایەتیکردنانەدا، چونکە کەس ناتوانێ لاری لەوە هەبێ کە ئێسقانێکی شکاو خۆی لەخۆیەوە چاک ببێتەوە بە "سروشتی". کوڵاندنی خواردن خۆشی "ناسروشتی"یە، هەروا گەرمکردنی ماڵەکانمان. فەیلەسوفی چینی لاو-تسی، کە ڕێکەوتی تەقلیدی بە ٦٠٠پ.ز دانراوە، دژی جادە و پرد و بەلەم بوە بەوەی "ناسروشتی"ن، و لەبەر ڕقی لەم شتە میکانیکیانە چینی جێهێشت و چو بۆ ژیان لەناو بەربەریە ڕۆژاواییەکاندا. هەموو پێشکەوتنێکی شارستانیەت کە تازە بووبێ بە "ناسروشتی" زانراوە.

دژایەتی کردنی باو لەسەر بابەتی ڕێگرتن لە منداڵبونیش ئەوەیە کە دژی "سروشت"ە. بەڵام لەبەر هەر هۆیەک هەیە ناتوانین بڵێین سەڵت بوون دژی سروشتە، تەنها هۆکارێک بتوانم بیری لێ بکەمەوە ئەوەیە کە تازە نیە.ماڵتوس[26] تەنها سێ ڕێگای ئەبینی بۆ کەمکردنەوەی دانیشتوان؛ خۆگرتنەوەی ئەخلاقی، خراپە، و چەوساندنەوە. خۆگرتنەوەی ئەخلاقی، بە ئیعترافی خۆشی، بەشێوازێکی بەربڵاو جێبەجێ ناکرێت. "خراپە" یان ڕێگرتن لە منداڵ بوون، کە خۆی پیاوێکی دیندار بوە، بە قێزەوە ناوی هاتوە. تەنها یەک ڕێگا مابوەوە ئەویش چەوساندنەوە. بە کەسایەتیە مورتاحەکەی ئەو، بیری لەوە کردبووەوە کە زۆرینەی مرۆڤ بچەوسێنرێتەوە لە کاتێکدا خۆشی بە قەدرگران دائەنا، و بەردەوام ئەو قسانەی ڕەت ئەکردەوە کە هەوڵیان ئەدا ئەم ڕێگایە بگرن. کەسانی دینداری سەردەم، کەمتر وەک ئەو ڕاستگۆن کە دێتە سەر ڕێگرتن لە منداڵبوون. ئەوان وا نیشان ئەدەن کە خودا ڕزق ئەدات، ژمارەی دەمەکان هەرچەنێکیش بن. ئەو ڕاستیە پشتگوێ ئەخەن کەوا پێشتر قەت شتی وای نەکردوە، بەڵکو ملیۆنەها مرۆڤی سەرزەوی داوەتە دەست برسێتی و مردوون. ئەبێت مەسەلەکە ئەوەبێ - ئەگەر

---

[26] تۆماس ڕۆبەرت ماڵتوس خواناس، ئابوریناس و زانای ئینگلیز ١٧٦٦ - ١٨٣٤

بەڕاستی باوەڕیان بەو قسەیە بکێ کە ئەیکەن - کە خودا لەمەودوا حازرە ماسی و نانی زۆر بدات کە پێشتر شتی وای بەپێویست نەزانیوە. یان ئەکرێ ئەوان بڵێن کەوا ئەو چەرمەسەریەی دوای ئەمە هیچ بایەخێکی نیە، ئەوەی گرنگە قیامەتە. بەو باوەڕەی خۆشیان، زۆربەی ئەو منداڵانەی لە ئەنجامی ڕێگرتنی منالبونەوە نایەنە دنیا ئەچنە جەهەننەم. کەواتە، ئەبێت وای دابنێین، ئەوان وا ئەزانن کە ئەو پاکبونەوەیەی لەژیاندا ئەیکەین دژایەتی بکرێ چونکە ئەوان لایان وایە باشترە ملیۆنەها مرۆڤ بۆ هەمیشە بسوتێت. بەبەراورد بەمان، مالتوس بەڕەحمترە.

ژن، کە بابەتی بەهێزترین هەستی خۆشەویستی و ڕقیشمانن، سۆزی ئاڵۆزمان تێدا ئەجولێنن کەوا لە ژیریە تەقلیدیەکاندا باس کراوە.

نزیک هەموکەسێک ڕێگە ئەدات بەخۆی کەوا هەندێ گشتگیری تەواو نادادپەروەرانە بەسەر خۆیدا بسەپێنێ لەسەر ژنان. پیاوانی ژندار، کاتێ بابەتی گشتاندنەکە دێتە ئاراوە، لە ژنەکانی خۆیانەوە تەماشا ئەکەن، ژنانیش هەروا لەخۆیانەوە. سەمەرە ئەبێت ئەگەر کەسێک کتێبێکی مێژووی بۆچونی پیاو لەسەر ژن بنوسێتەوە. لە کۆندا، کاتێ باڵادەستی پیاو جێگەی پرسیار نەبو و ئەخلاقی مەسیحیەت هێستا هەر نەناسراو بوو، ژنان بێزیان بوون بەڵام بێئەقڵ، و پیاوێکیش کە ئەوانی بەجددی وەرگرتایە تا ڕادەیەک بێزراو بووە. ئەفلاتون وا ئەزانێ دژایەتیەکی جددیە بۆ دراما ئەگەر بێتو سیناریۆنوسەکە خۆی دەوری ژن ببینێت کاتێ ڕۆڵیان بۆ دروست ئەکات. لەگەڵ هاتنی مەسیحیەت ژنان دەستیان کرد بە قۆناغێکی تازە، بەڵام لە هەمان کاتدا کەشف بوو کە ئەکرێ ئەوان ببنە سەیدیش. لە ڕۆژانی شاژن ڤیکتۆریادا سەیدە ژنەکان زیاتر بایەخیان پێ ئەدرا تا ژنی سەرنج ڕاکێش، پیاوانی سەردەمی ڤیکتۆریا دانیان بەوەدا نەئەنا کە ئەوانیش حەزیان ئەجولا بۆ ئەمە. بەها باڵاکەی ژنان کرایە بیانو بۆ ئەوەی دوریان بخەنەوە لە سیاسەت، کە تیایدا ئەوترا، هەبوونی بەهای بەرز مەحاڵە. بەڵام فێمینیستە سەرەتاییەکان ئارگومێنتەکەیان پێچەوانە کردەوە، و وتیان بەشداری کردنی ژنان ئەبێتە هۆی دروستکردنی بەها بۆ سیاسەت. لەبەر ئەوەی ئەمەش خۆی سەرابێکی تر بوو، ئیتر کەمتر خەڵک باسی بەهای باڵای ژنان ئەکات، بەڵام هێشتان پیاوانێکی زۆر هەن کە وەک ڕاهیبەکان ڕایان بەرامبەر ژن سەرنجڕاکێش بونیانە. ژنان خۆیان، زۆربەیان، خۆیان بە جنسە ژیرەکە ئەزانن، کە ئیشیان ئەوەیە ئەو بێئەقڵیە ناخییەی لە پیاوانەوە یەت ئەمان چاکی بکەنەوە. بەلای منەوە، باوەڕم بە هیچ گشتاندنێک نیە بەسەر ژناندا، چ باش چ خراپ، چ نێر بیکات چ ژن، هەمووی وەک یەکە لام، ئەبێت بڵێم هۆکارەکەی نەبوونی تەجرەبەی ژن بوونمە.

ئەو هەستە نائەقڵانیە قوڵەی هەر ڕەگەزێک بەرامبەر ژنان ئەکرێ وەک شتێکی تازە دەر ئەکەوێ، بەتایبەتی لە ڕۆمانە خراپەکاندا. لە ڕۆمانە خراپەکاندا لەلایەن پیاوانەوە، ئەو ژنە هەیە کە نوسەر عاشقیەتی، کە خاوەنی هەموو سیحرێکە، بەڵام تا ئەندازەیەک بێدەسەڵاتە، پێویستی بە پاراستنی

پیاو هەیە، کەچی هەندێ جار، وەک کلیۆپاترای شکسپیر، دووچاری ڕقێکی یەکجار زۆر کراوەتەوە، و ئەکرێ بە قوڵی و بێهیوایانە بوبێتە کەسێکی زیانبەخش. لە وێناکردنی ژنەپاڵەواندا، نوسەری پیاو ناتوانێ لە تێبینیەکانی خۆیەوە بنوسێ، بەڵام لە ئامانجەکانی حەزەکانی خۆیەوە ئەنوسێت. بە نیسبەت کارەکتەرە ژنەکانی تریەوە، زیاتر بابەتیانەیە، و ئەکرێ دەفتەرێکیشی هەبێ تێبینی کردبێ، بەڵام کاتێ کەسێکی خۆش بوێ، حەزەکەی تەمێک دروست ئەکات لە نێوان خۆی و ئەو بابەتەی خۆی بۆ تەرخان کردوە. ژنە ڕۆماننوسەکانیش، هەروەها دوو جۆر ژن هەن لە کتێبەکانیاندا. یەکێکیان خۆیانن، کەشخە و بەڕەحم، بابەتی شەهوەتی ئینسانی خراپ و خۆشەحویستی کەسانی باش، هەستیار، ڕۆحبەرز، و هەمیشە خراپ حوکمدراون. جۆرەکەی تریش نوێنەرایەتی تەواوی ژنانە، و ئەمەش عادەتەن وەک سەرپێیی، ڕقاوی، بێڕەحم، و فێڵباز وێنا ئەکات. وادیارە حوکمدان لەسەر ژنان ناکرێ بێلایەنانە بێ چ لای پیاوانەوە چ لای ژنانیشەوە.

گشتاندن دەربارەی تایبەتمەندیە نیشتیمانیەکانیش بەهەمان شێوە باو و نەخوازراون وەک گشتاندن دەربارەی ژنان. تا ١٨٧٠، ئەڵمانەکان وا ئەزانرا خەڵکانێکن هەمویان پرۆفیسۆری عەینەک لەچاون، بەردەوام لەناو هۆشیاری خۆیاندا گەشە ئەکەن و ئاگایان لە دەرەوەی خۆیان نیە، بەڵام لە ١٨٧٠ بەدواوە ئەم تێگەیشتنە پێویستی بەوە بوو کە بە توندی پیاچونەوەی بۆ بکرێت. فەڕەنسیەکان لەلای زۆربەی ئەمریکیەکان وابوو کە خەڵکانێکن بەس خەریکی دڵداریکردننن، واڵت ویتمان، لە یەکێ لە کەتەلۆگەکانیدا، باسی "جووتە فەرەنسیە زیناکەرەکەی سەر قەنەفەکە" ئەکات. ئەمریکیەکان کە ئەچن بۆ فەرەنسا ئەحەپەسێن، و ئەکرێ خەیاڵشکاویش ببن، بەو ژیانە خێزانیە جددیەی ئەیبینن. پێش شۆڕشی ڕوسی، ڕوسەکان بەوە ناسرابون کەوا ڕۆحێکی ئەفسوناوی سلاڤیان هەبێت، کە لەگەڵ ئەوەدا هەڵسوکەوتی ماقوڵانەی تێدا لەبار بردبوون، ژیریەکی قوڵی پێدابوون کەوا نەتەوە زیاتر عەمەلیەکان نەیان ئەتوانی بەدەستی بهێنن. کەچی لەناکاوهەموو شتێک گۆڕا، ئەفسونگەرایی بوە عەیبە، و تەنها شتە ماددیەکان ڕێگەیان پێ ئەدرا. ڕاستیەکەی ئەوەیە کەوا هەر تایبەتمەندیەکی نیشتیمانی گەلێک لەلایەن گەلێکی ترەوە پەیوەستە بە چەن کەسێکی بەناوبانگەوە، یان پەیوەستە بەو چینەی دەسەڵاتدارن. لەبەر ئەمە، هەموو گشتاندنێک لەم بابەتەدا ئەکرێ بەتەواوی پێچەوانە ببێتەوە ئەگەر هاتو گۆڕانکاریەکی گرنگی سیاسی بێتە کایەوە.

بۆ خۆ لادان لەو ڕا پووچانەی کە مرۆڤایەتی ئەکرێ دوچاری ببێ، هیچ بلیمەتێکی قارەمانمان پێویست نیە. هەندێ یاسای سادە ئەکرێ بتپارێزن نەک لە هەڵەکردن، بەڵکو لە هەڵەی بێ مەعنا.

ئەگەر بابەتە شتێکە کەوا بە تەماشاکردن ساغ بکرێتەوە، ئەوا خۆت تەماشاکردنەکە بکە. ئەرستۆ ئەکرا ئەو هەڵەیەی دەربارەی ئەوەی کە ژنان دانیان کەمترە لە پیاو نەکردایە، بە ڕێگایەکی ئاسان کە داوای بکردایە خاتو ئەرستۆ دەمی دانەخستایە تا ئەم لە ژماردن تەواو ئەبو. ئەوەی نەکرد لەبەر ئەوەی وای

ئەزانی ئەزانێ. وابزانی شتێک ئەزانی لە کاتێکدا نەزانی هەڵەیەکی کوشندەیە، کە هەمومان ئەکرێ دوچاری ببین. من خۆم باوەڕم وایە کە سوچەر قالونچەی ڕەش ئەخۆن، لەبەر ئەوەی وایان پێ وتوم کە وایە، بەڵام ئەگەر کتێبێک بنوسم لەسەر هەڵسوکەوتی سوچەر، ئەبێت خۆشم تەرخان بکەم بۆ ئەوەی کەوا هیچ نەڵێم تا ئەو خواردنە ناخۆشە بەچاوی خۆم نەبینم. کەچی ئەرستۆ کەمتر ئاگای لەمە بوە. نوسەرە کۆن و چاخە ناوەندیەکان هەمو شتێکیان زانیوە دەربارەی ئەسپی شاخدار و مارمزۆکی خەیاڵی، یەک کەسیان نەیوتوە کە هەق وایە قسەی مەزهەبی لەسەر نەکەم چونکە خۆم یەکجار یەک دانەیانم نەبینوە.

هەرچەن، زۆر بابەت، بە ئاسانی نایەتە بەردەستت تا تاقی بکەیتەوە. ئەگەر، وەک زۆرینەی مرۆڤایەتی، قسەی پڕ حەماسەتت هەبێ لەسەر شتانێکی لەو جۆرە، ڕێگا هەیە کە بتوانی ئاگاداری لایەنگریەکانی خۆت بیت. ئەگەر ڕایەک دژی تۆبێ و توڕەت بکات، ئەوە نیشانەیەکە کەوا لاشعوری تۆ بەڵگەی باشت پێ نیە بۆ ئەو ڕایەی خۆت. ئەگەر کەسێک سور بێ لەسەر ئەوەی دوو و دوو ئەکاتە پێنج، یان وڵاتی ئایسلەند لە ناوچەی کەمەرەیی زەویە، تۆ بەزەییت پیایدا یەتەوە نەک توڕە بیت، مەگەر خۆت ئەوەندە حیساباتت تەواو نەبێ یان جوگرافیا کە وات لێ بکات ڕا پێچەوانەکەی خۆت بلەرزێنێ. زۆربەی بابەتە دژایەتی لەسەرەکان ئەوانەن کەوا هیچ بەڵگەیەکی زۆر باش نیە بۆ لایەک لەلایەکان. چەوساندنەوە بەکار هاتوە لە خواناسیدا، نەک لە بیرکاریدا، لە بیرکاریدا زانین هەیە، بەڵام لە خواناسیدا تەنها بۆچوون هەیە. بۆیە کاتێ کە خۆت ئەبینیتەوە بە توڕەیی، وریا بە، ئەکرێ بۆچونەکەت، ئەگەر بە وردی لێی بکۆڵیتەوە، لە ئاستی بەڵگەکانی بەردەستت زیاتر ڕۆشتوە.

ڕێگایەکی باش بۆ ئەوەی خۆت ڕزگار بکەی لە هەندێ مەزهەبگەرایی ئەوەیە کە شارەزای ڕای جیاواز بیت کە لە دەرەوەی بازنە کۆمەڵایەتیەکانی تۆدایە. من کاتێ گەنج بوم، لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆم لە فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتالیا و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ژیام. ئەمە بۆ من زۆر سودمەند بوو بۆ کەمکردنەوەی حوکمی پێشوەختەی دابڕێنەر. ئەگەر نەتوانی سەفەر بکەی، بەدوای خەڵکانێکدا بگەڕێ کەوا تۆ لەگەڵیان هاوڕا نیت، ڕۆژنامەیەک بخوێنەرەوە کە هی لایەنێک بێت کە لایەنەکەی خۆت نەبێت. ئەگەر مەسەلەی خەڵک و ڕۆژنامە لات شێتانەیە، بێئەقڵانەیە، و جانەوەرانەیە، بەبیری خۆتی بهێنەوە کەوا تۆش بۆ ئەوان وایت. لەم بۆچونەدا هەردولا ئەکرێ ڕاست بن، بەڵام ناکرێ هەردولا هەڵە بن. ئیتر ئەم لێکدانەوەیە ئەبێت جۆرێک لە وریابونەوە دروست بکات.

هەرچەندە بەئاگابوون لە کەلتوری بیانی، هەمیشە ئەنجامی سودبەخشی نابێت. لە سەدەی حەڤدەدا، کاتێ مانچۆکان چینیان داگیرکرد، عادەتی چینیەکان بو کە ژنان قاچیان بچوک بێت، و لەناو مانچۆکانیشدا باوبوو کلکەبەراز بپۆشن. لەبری ئەوەی هەردولا عادەتە بێمشێکانەکانیان فڕە بدەن،

کەچی هەردولا عادەتە بێئەقڵانەکەی لاکەی تریان وەرگرت، و چینیەکان بەردەوام بون لە پۆشینی کلکەبەراز تا دوای شۆڕشی ١٩١١ نەجاتیان بوو لە هەیمەنەتی مانچۆکان.

بۆ ئەوانەی کە توانای خەیاڵکردنی دەرونی باشیان هەیە، پلانێکی باشە کەوا خەیاڵی ئەوە بکەی لەگەڵ کەسێکدا کە لایەنگری لایەکی ترە موناقەشە بکەیت. ئەمە یەک سودی هەیە و تەنها یەک، بەراورد بە قسەکردن لەگەڵ کەسێکی بەرامبەردا، ئەویش ئەوەیە کەوا ئەم ڕێگایە لەژێر فشاری کات و جێگادا نیە. مەهاتما غاندی ڕقی لە سکەی ئاسن و بەلەمی هەڵمی و مەکائینە، ئەو ئەیەوێ تەواوی شۆڕشی پیشەسازی هەڵبوەشێنێتەوە. ئەکرێ تۆ لە ژیانی خۆتدا توشی کەسێک نەبی کەوا ئەم ڕایەی هەبێت، چونکە لە وڵاتە ڕۆژاواییەکاندا زۆربەی خەڵک سود لە تەکنیکی نوێ وەرئەگرن بێ ئەوەی ئاگایان لێ بێت. بەڵام ئەگەر بتەوێ دڵنیا بیت لەوەی کە تۆ بەڕاستی هاوڕایت لەگەڵ ڕای گشتیدا، پلانێکی باشە ئەگەر موناقەشەکانت تاقی بکەیتەوە بە ئەفکارێک کە بۆت دێت و بەوەی کە ئەکرێ غاندی چ قسەیەکی هەبێ لەسەریان ئەگەر فرسەتی یەکتر بینین هەبوایە. من هەندێک جار ناچار بوم ڕای خۆم بگۆڕم لە ئەنجامی ئەم دایەلۆگە خەیاڵیەدا، و کەمێ نزیکیش لەمە، زۆر جار زانیومە کەوا ئەم ڕێگایە وای لێکردوم کەمتر مەزهەبی و سور بم بەوەی کە زانیومە ئەکرێ چ دژێکی ماقوڵی گریمانەیی هەبێت بەرامبەرم.

زۆر ئاگاداری بۆچونێک بە کە هەڵبدات بەسەر بەرزڕاگرتنی هەستتدا. هەردو ژن و پیاو، نۆ لە دە جار، سورن لەسەر ئەوەی کە ڕەگەزەکەی خۆیان باڵاترە لە ڕەگەزی بەرامبەر. هەردولاش بەڵگەی یەکجار زۆریان لەلایە. ئەگەر پیاو بیت، ئەکرێ ئەوە بخەیتە ڕوو کەوا زۆربەی شاعیران و زانایان نێرن، ئەگەر ژن بیت، ئەکرێ پەنا بۆ ئەوە ببەیت کە زۆربەی تاوانبارانیش پیاون. پرسیارەکە بۆخۆی قابیلی ساغکردنەوە نیە، بەڵام هەستی خۆ بەرزڕاگرتن ئەمە لە زۆرکەس ئەشارێتەوە. هەمووەمان، خەڵکی هەر بەشێکی سەر زەوی بین، بڕوامان پێکراوە کەوا نەتەوەکەی خۆمان باڵاترە لە هەموان. بینینی ئەوەی کەوا هەمو نەتەوەیەک لایەنی باش و لایەنی خراپیشی هەیە، ستانداردی بەهاکانی خۆمان بەوە هاوسەنگ ئەکەین بۆ ئەوەی بتوانین ئەو لایەنە باشانەی نەتەوەکەی خۆمان کە بەڕاستی گرنگن بنەماکانی کامانەن، کە تەبیعی لایەنە خراپەکانیشی بێبایەخن. لێرەدا، دیسان پیاوێکی ئەقڵانی دان بەوەدا ئەنێت کە پرسیارەکە وەڵامێکی ڕاستی نیە. سەختترە بتوانی لەگەڵ ڕێزی خۆتدا هەڵسوکەوت بکەیت وەک پیاو، لەبەر ئەوەی ناتوانین بە مێشکێکی دەرەوەی مرۆڤ لەسەر بابەتەکە قسە بکەین. تەنها ڕێگایەک کە من ئەیزانم بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەم شاردنەوەیەی مرۆڤدا ئەوەیە کەوا بیری خۆمانی بهێنینەوە کە پیاو وەرزێکی کورتی ژیانە و لەسەر هەسارەیەکی بچوک لە سوچێکی بچوکی گەردوندا، و ئەوەش ئەوەندەی ئێمە ئەیزانین، ئەکرێ لە گەردوندا بونەوەری تری تێدابێ زۆر باڵاتر لە ئێمە چۆن ئێمە باڵاترین لە بوکی دەریا.

سۆزە کانی تر جیا لە ڕێزلەخۆگرتن سەرچاوەی هەڵەکردنی باون، لەمانە لەوانەیە گرنگترینیان ترس بێت. ترس هەندێ جار ڕاستەوخۆ کاریگەرە، بە داهێنانی دیعایەی کارەسات لە کاتی جەنگدا، یان خەیاڵکردنی شتانێکی ترسناک، وەک خێو، هەندێ جار ناڕاستەوخۆ کاریگەرە، بە دروستکردنی باوەڕ بە شتێکی ئارامبەخش، وەک ئاوی ژیان یان بەهەشت بۆ خۆمان و جەهەننەمیش بۆ دوژمنانمان. ترس زۆر فۆرمی هەیە، ترس لە مردن، ترس لە تاریکی، ترس لە نەزانراو، ترس لە کۆمەڵ، و ئەو ترسە نادیارە گشتێندراوەی کە دێت بۆ ئەوانەی کەوا هەندێ تۆقینی تایبەتیان لەخۆیان شاردۆتەوە بە شتێکی تر. تا ئەو کاتەی دان ئەنێی بە ترسەکانی خۆتدا لای خۆت، و خۆشت ئەپارێزی بە هەوڵێکی سەخت تا ویستێکت هەبێ دژی ئەو قوەتە ئەفسوناویەی ترس، ناتوانی هیوای ئەوە بخوازی کەوا بەڕاستی بیر لە هەندێ بابەتی پڕ بایەخ بکەیتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە بیروباوەڕی ئاینییەوە. ترس سەرچاوەی سەرەکی خورافیاتە و یەکێکە لە سەرچاوەکانی دڕندەیی. زاڵبوون بەسەر ترسدا سەرەتای ژیریە، لە گەڕان بەدوای ڕاستیدا وەک کۆششی پاش ئوسلوبێکی شایەنی ژیان.

دوو ڕێگا هەیە بۆ خۆلادان لە ترس: یەکەمیان بەوەی قەناعەت بەخۆت بکەیبکەوا تۆ پارێزراوی لە کارەسات، و ئەوەی تریشیان بە خۆڕاهێنان بە ئازایەتیی ڕووت. ئەوەی دوەم سەختە و ئەبێتە مەحاڵ بۆ زۆرکەس لە خاڵێکی دیاریکراودا. هەر بۆیە ئەوەی یەکەم هەمیشە زیاتر بەکار هاتوە. جادووگەری سەرەتایی مەبەستی سەرەکی لێی دابینکردنی سەلامەتیە، چ بەوەی دوژمنان بریندار بکات یان بە پاراستنی خودی کەسەکە بە تەلیسمێک، جادویەک یان دوعایەک. بەبێ هیچ گۆڕانکاریەکی بنچینەیی، باوەڕ بەم شێوازەی خۆپاراستن لە مەترسی بەدرێژایی چەندین سەدە بەردەوام بوو لە شارستانیەتی بابلیەکاندا، لە بابلەوە بڵاو بووەوە بەناو ئیمپراتۆریەتەکەی ئەلیکزاندەردا، و لەلایەن ڕۆمەکانیشەوە وەرگیرا لەکاتێکدا کەلتوری یۆنانیە کۆنەکانیان هەڵمژی. لە ڕۆمەکانەوە دابەزیە ناو مەسیحیەت و ئیسلامی چاخەکانی ناوەڕاست. زانست لە ئێستادا باوەڕی بە جادوگەری کەمتر کردۆتەوە، بەڵام زۆر خەڵک هەن باوەڕیان بەختگرەوە هەیە زیاتر لەوەی کە ئامادەن دانی پێدا بنێن، و جادوگەریش هەرچەن لە کەنیسەوە نەفرەتی لێکراوە، هێشتا هەر بە فەرمی یەکێکە لە گوناهەکان.

هەرچەندە سیحر، ڕێگایەکی ناشیرین بو بۆ خۆپاراستن لە مەترسی، و زیاد لەوەش ڕێگایەکی زۆر کاریگەریش نەبوە، لای جادوگەرە خراپەکان ئەکرێ بەهێزتر بووبێ لە شتی باشتر. لە سەدەی پازدەهەم، شازدەهەم و حەڤدەدا ترس لە ژنەجادوگەر و سیحربازەکان وای کرد سەدان هەزار خەڵک کە تۆمەتبار کرابون بەم تاوانە سوتێنران. بەڵام باوەڕی نوێ، بەتایبەتی بە ژیانی ئەو دنیا، ڕێگای کاریگەرتری دۆزیەوە بۆ جەنگ دژی ترس. سوقرات ڕۆژی مردنەکەی (ئەگەر باوەڕ بە قسەی ئەفلاتون بکەین) ئەو مکوڕیەی دەربڕی کەوا لەو دنیا ئەو لەگەڵ خواکان و پاڵەوانەکاندا ئەبێت، و چواردەوری بە ڕۆحی دادپەوەر ئەگیرێ کە هەرگیز لاریان نابێ لە موناقەشە بەردەوامەکانی ئەم. ئەفلاتون لە

"جمهوریەت"دا ئەوەی خستۆتە ڕوو کەوا بۆچونە دڵخۆشەکانی ئەو دنیا ئەبێت لەلایەن دەوڵەتەوە بچەسپێنرێ، نەک لەبەر ئەوەی کەوا ڕاستن، بەڵکو لەبەر ئەوەی جەنگاوەران باوەڕ پێ بهێنێ کە بیانەوە بمرن لە جەنگدا. هیچ یەک لەو ئەفسانە تەقلیدیانەی هەیدی ناهێنێتەوە، لەبەر ئەوەی لای ئەوان ڕۆحی مردو دڵتەنگە.

مەسیحە ئۆرتۆدۆکسەکان، لە "سەردەمی باوەڕ"دا یاساکانی لێخۆشبوونیان بە تەواوی دیاری کردوە. یەکەم، ئەبێت تۆ باپتایز[27] کرابیت، ئەنجا، ئەبێت هیچ هەڵەیەکی دینداریت ئەنجام نەدابێ، و ئاخر شتیش پێویست پێش مردنت پەشیمان ببیتەوە لە هەمو گوناهەکانت و خۆت پاک بکەیتەوە. ئەمە هەموشی هێشتا لە بەرزەخ نەجاتت نادات، بەڵکو تەنها دڵنیاییەکە بۆ گەیشتنت بە بەهەشت. پێویستی نەدەکرد خواناسی بزانیت. کاردیناڵێکی ناسراو جارێک زۆر بە قەناعەتەوە وتبوی کەوا پێداویستیەکانی مەسیحی بوون هەمووی جێبەجێ ئەبێت ئەگەر هاتوو لەسەرە مەرگدا لەژێر لێوەوە بڵێی "باوەڕم بەهەموو ئەوە هەیە کەنیسە باوەڕی پێیەتی، کەنیسەش باوەڕی بەهەموو ئەوە هەیە کە من باوەڕم پێیەتی". ئەبێت ئەم ڕێنماییە ڕوونانە توانیبێتی ڕێگای دۆزینەوەی بەهەشت بە کاسۆلیکەکان نیشان بدات. لەگەڵ ئەمەشدا، ترس لە جەهەننەم بەردەوام بو، و بۆتە هۆی، لە سەردەمی تازەدا، ئەوەی کەوا نەرمیەکی تەواو بنوێنرێ لە مەزهەبدا دەربارەی ئەوەی کێ بۆ هەمیشە بەنەفرەت کراوی ئەمێنێتەوە. ئەو مەزهەبەی کە لەلایەن زۆرێک لە مەسیحیەکانی سەردەمەوە بانگەشەی بۆ ئەکرێت، ئەڵێ هەموان ئەچنە بەهەشت، ئەبوایە ئیتر ترسی مردنی نەهێشتایە، بەڵام لەڕاستیدا ئەم ترسە زۆر لەناخی مرۆڤدایە بەوەی بەئاسانی لەناو ببرێت. بەڕێز مایەرز[28]، کە ڕۆحانیەت وای لێکردبو باوەڕ بە ژیانی داهاتو بهێنێت، پرسیاری لە ژنێک کردبو کە بەو دواییانە کچەکەی لەدەست دابوو دەربارەی ئەوەی کەوا چی بەسەر ڕۆحی هاتوە. دایکەکە وەڵامی دابوەوە: "ئێ، باشە، وابزانم بۆ هەمیشە ئارامە ڕۆحی، بەڵام خۆزگە تۆ باسی ئەم بابەتە ناخۆشەت نەکردایە لەگەڵم." سەرباری ئەو هەموو دینداریە، بەهەشت هێشتا بۆ زۆربەی خەڵک "بابەتێکی ناخۆشە."

زۆربەی ئاینە چاکسازی تێدا کراوەکان، بۆ نمونە ئەوەی مارکەس ئەورەلیسە و سپینۆزا، هێشتا سەرگەرمی زاڵبونن بەسەر ترسدا. مەزهەبە ستۆویکی (ڕەواقیەت)ەکە سادەیە: ئەڵێ کە تەنها ڕاستی بەهایە، کە هیچ دوژمنێک ناتوانێ زەوتی بکات لێم، بۆیە هیچ هۆکارێک نیە بۆ ترسان لە دوژمن. کێشەی ئەمەش ئەوەیە کە کەس باوەڕی بەوە نەبو کە ڕاستی تەنها بەها بێت، هەتا مارکەس ئەورەلیەس خۆشی، کە ئیمپراتۆر بوو، نەک تەنها خەریکی ئەوەبو شەرەفمەندانە بژین، بەڵکو بشیان پارێزێ لە بەربەرەکان، مەترسی و قاتوقڕی. سپینۆزا مەزهەبێکی هاوشێوەی ئەوەی فێری خەڵک

---

[27] کرداری چونە ناو ئاینی مەسیحی، وەک شایەتومان هێنانی موسوڵمان بوون

[28] فرەدرێک مایەرز شاعیر و زمانزانی ئینگلیز بوو لە ١٨٤٣ لەدایک بوە و لە ١٩٠١ وەفاتی کردوە.

ئەکرد. لەلای ئەو، چاکەی ڕاستەقینەی ئێمە بریتیە لە گوێنەدان بە بەختی بێنرخی خۆمان. ئەم دوو پیاوە بەدوای ئەوەدا ئەگەڕان لە ترس ڕا بکەن بەوەی وا دەربخەن کەوا ئازاری جەستەیی بەڕاستی شتێکی خراپ نیە. ئەمە ڕێگایەکی پڕشکۆیە بۆ ڕاکردن لە ترس، بەڵام هێشتا لەسەر باوەڕێکی هەڵە دامەزراوە. ئەگەر بەڕاستی قەبوڵکرێ، ئەوا ئەوکاتە وا لە مرۆڤ ئەکات بێبایەخ بێت، نەک هەر بۆ دەردەسەریەکانی خۆی بەڵکو بەرامبەر ئازارەکانی خەڵکانی تریش.

لەژێر کاریگەریی گەورەی ترسدا، نزیک هەموان توشی خورافیات بووبوون. ئەو کەشتیەوانانەی کە یونسیان فڕەدایە ناو ئاو وایان ئەزانی تەنها بەبوونی ئەو لەناو کەشتیەکە زریانەکە ترسی شکاندنی کەشتیەکەی ئەمانی هێنابوە کایەوە. بەشێوازی یابانیەکان، لە سەردەمی زەمینلەرزەکەی تۆکیۆدا دەستیان کرد بە کوشتاری کۆریەکان و لیبراڵەکان. کاتێ ڕۆمەکان لە جەنگی پیونیکیدا سەرکەوتن، قرتاجیەکان تەواو باوەڕیان وابوو کەوا بەدبەختیەکەی ئەمان بەهۆی هەندێ شلگیریکردن بوە لە عیبادەتکردنی خواکەیان مۆلۆخ. مۆلۆخ حەزی لەوەبو منداڵەکانی بکرێنە قوربانی بۆ ئەو، و حەزیشی لە ئەریستۆکراتەکان بوو، بەڵام خانەدانەکانی قرتاج دەستیان دابوە گوناهکاری و لەجیاتی منداڵەکانی خۆیان منداڵی فەقیر و داماویان ئەکردە قوربانی بۆ خواکەیان. ئەمەش، وایان ئەزانی، خواکەیانی بێزار کردبوو، و لە خراپترین کاتەکانیشدا ئەوەبوو ئیتر منداڵی ئەریستۆکراتەکانیش بە ئاگرەکە سوتان. شتێکی سەیرە بوترێ، ڕۆمەکان سەرکەوتوبوون سەرباری ئەو چاکسازیە دیموکراسیەی لەلایەن دوژمنانیانەوە ئەنجام درابوو.

ترسی بەکۆ هەستی مێگەل دروست ئەکات، و وا ئەکات دڕندایەتی ئەنجام بدرێ دژی ئەوانەی کە ئەندامی مێگەلەکە نین. بۆیە لە شۆڕشی فەڕەنسیدا، کاتێ لە ترسی سوپای بێگانە حوکمی تۆقاندن هاتە کایەوە. وە ئەبێت بترسین کەوا، نازیەکان، کاتێ زیاتر دۆڕان نزیک ئەبێتەوە، هەڵمەتی لەناوبردنی جولەکە زیاتر ئەکەن. ترس هەستی دڕندەیی ئەجوڵێنێ، لەبەر ئەوە ئەبێتە هۆی پەرەدان بەو جۆرە خورافیاتە تا پاساو بهێنرێتەوە بۆ دڕندە بوون. نە پیاویک نە کۆمەڵێک و نە نەتەوەیەکیش ناکرێ جێی متمانە بن بۆ ئەوەی وەک مرۆڤ یان ژیران هەڵسوکەوت بکەن لەژێر کاریگەری ترسی گەورەدا. هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە کەوا کەسانی ترسنۆک ئەکرێ زیاتر دڕندایەتی بکەن وەک لە کەسانی بەجەرگ و هەروەها زیاتریش خەریکی خورافیات ئەبن. کاتێ ئەمە ئەڵێم، بیر لەو پیاوانە ئەکەمەوە کە لە هەموو ڕویەکەوە ئازان، نەک تەنها بەرامبەر مەرگ. زۆر پیاو هەن کە غیرەتیان هەیە وەک جەنگاوەرێک بکوژرێن، بەڵام غیرەتی ئەوەیان نیە بڵێن، یان بیر لەوە بکەنەوە، کەوا ئەو هۆکارەی ئەمان خۆیانی بۆ ئەدەن بە کوشتن شایستەی نیە. ناوزڕان لای زۆربەی پیاوان بەئازارترە لە مردن، ئەوەش یەکێکە لەو هۆیانەی لە کاتی وروژانی بەکۆدا، کەم پیاو هەیە دژی ڕای زۆرینە بوەستنەوە.

کەس لە قرتاجیەکان دژی مۆلۆخ نەوەستایەوە، لەبەر ئەوەی ئەنجامدانی ئەوە پێویستی بە غیرەتێک هەبوو کە زیاتر بوو لەو غیرەتەی پێویستە بۆ ئەوەی لە جەنگدا بمریت.

بەڵام وا خەریکە زۆر جددی قسە ئەکەین. خورافیات هەمیشە تاریک و دڕندانە نیە، هەندێ جار چێژ ئەبەخشن بە ژیان. جارێکیان پەیامێکم بۆ هات لەلایەن خودا ئۆریسیسەوە، ژمارە تەلەفۆنەکەی دابو پێم، ئەوکاتە ئەو لە بۆستن ئەژیا. هەرچەندە من خۆم ناونوس نەکرد لە لیستی ئەوانەی عیبادەتیان بۆ ئەکرد، نامەکەی بەڕاستی لەزەتی داپێم. بەردەوام نامەم بۆ ئەهات لەلایەن خەڵکانێکەوە کە خۆیان بە مەسیح ئەزانی، و داوایان لێ ئەکردم کەوا ئەم ڕاستیە گرنگە لە موحازەرەکانمدا باس بکەم. لە ڕۆژانی یاساغکردنی کحولدا، تەریقەتێک هەبوو باوەڕیان وابوو کەوا ئەبێت نوێژەکانیان بە ویسکی موبارەک بکرێ، نەک بە شەراب، ئەم بڕگەیە مافی یاسایی دابو پێیان کەوا خواردنەوەی خەست دابین بکەن، و تەریقەتەکەشیان بەخێرایی گەورە بوو. لە ئینگلتەراش تەریقەتێک هەیە کەوا لایان وایە ئینگلیز یەکێکن لە دە خێڵە ونبوەکە، تەریقەتێکی جددیتر هەیە، کەوا ئەوان تەنها خێڵن کە ئەچنەوە سەر ئیبراهیم و مەنەسەی یەهودا. هەرکاتێ توشی یەکێ لە ئەندامەکانی ئەم تەریقەتانە ببم، یەکسەر ئەڵێم من سەر بەتەریقەتەکەی ترم، و ئیتر لەزەت ئەبینم لە موناقەشەکانی ئەنجامەکەی. حەزیشم لەو پیاوانەیە کە دیراسەی هەرەمە گەورەکە ئەکەن، بەو چاوەی کە بتوانن شیفرە ئەفسوناویەکەی بشکێنن. زۆر کتێبی گەورە نوسراون لەسەر ئەم بابەتە، هەندێکیان لەلایەن نوسەرەکانیانەوە پێشکەشم کراون. ڕاستیەکی تەنهایە کەوا هەرەمە گەورەکە هەمیشە تا ڕێکەوتی بڵاوبونەوەی کتێبەکە بەدروستی مێژوو وێنا ئەکات، بەڵام لە دوای ڕێکەوتی بڵاوبونەوەی کتێبەکەوە ئیترکەمتر جێگەی باوەڕە. بە گشتی نوسەر چاوەڕێی ئەوە ئەکات، زۆر بەم زوانە، جەنگ لە میسر ڕوبدات، بەدوایدا ڕۆژی قیامەت هەستێ و مەسیح دابەزێتە خوارەوە، بەڵام تا ئەوکاتە خەڵکێکی زۆر خۆیان ناساندوە وەک مەسیح و خوێنەر ناچار ئەبێت پڕ ببێ لە گومان.

بەتایبەتیش موعجەبی پێغەمبەرەیەکی ژن بووم کە لە تەنیشت دەریاچەیەک لە باکوری نیویۆرک ئەژیا نزیک ساڵی ١٨٢٠. خاتون بانگەوازی کردبو بۆ زۆر لە شوێنکەوتوانی کەوا ئەو توانای ئەوەی هەیە بەسەر ئاودا بڕوات، و وتبوی من بەسەر ئاودا ئەڕۆم کاتژمێر ١١ و لەبەیانیەکی دیاریکراودا. لە کاتی خۆیدا، باوەڕداران کۆبوونەوە بەهەزارانیان نزیک دەریاچەکە. ئەویش قسەی لەگەڵ کردبوون و وتبوی: "ئێوە هەموتان باوەڕتان هەیە بتوانم بەسەر ئاودا بڕۆم؟"هەموو بەیەک دەنگ وەڵامیان دابوەوە: "بەڵێ" ئەویش وتبوی "دەی کەواتە هیچ پێویست ناکا من ئەوە بکەم." هەموو بەخۆشحاڵیەوە گەڕابونەوە ماڵەوە.

لەوانەیە ژیان هەندێ لە شتە خۆشەکانی و جۆراوجۆریەکانی لەدەست بدات ئەگەر هەموو ئەمانە بە زانستی ساردوسڕ پڕکرێتەوە. لەوانەیە ڕێگا بەخۆمان بدەین کەوا دڵخۆش بین بە ئەبسەردیەکان،

ئەوان ناوەکەیان لەوەوە هاتوە کەوا دژی هەموو فێربونێک بون و وایان زانیوە کەوا توشی بەڵا ئەبیت ئەگەر خۆت فێری ئەلفبێ بکەیت. لەوانەشە خۆش بێ بزانین ئەو کابرایەی ئەمریکای باشور کە وای ئەزانی ئاژەڵی تەمبەڵ توانیبێتی لە کاتی لافاوەکەی نوحدا لە کێوی ئاراراتەوە تا پێرو ڕۆشتبێ – سەفەرێکی لەو جۆرە پێویستی بە کۆڵنەدانێکی یەکجار گەورە و جوڵەیەکی بەڕاستی گەورەی پێویست بوە. پیاویکی ژیر ئەبێت لەزەت لە شتانێکی باش ببینێ کاتێ شتی لەو بابەتە زۆر بن، و زبڵی ڕۆشنبیرانەش زۆر هەیە بۆ خواردن ئەگەر کەسێک بیەوێ، لەم سەردەمە و لە هەموو سەردەمێکدا.